گەشتی
هەڵەبجە و هەورامان
لە ساڵی ١٩٣٣دا[١]



سەرپەڕە

وا ئێستا لە پاش شەش ساڵ توانیم بێمە ناوچەی (هەڵەبجە) و (هەورامان). وا لە پاش ئەو هەموو ئارامگرتنە توانیم بەبینینی کەرتێک لە خاکە نازدارەکەم دڵی خۆم شاد بکەم. خاکێک هێندە کۆن، ئەمەندە ڕازاوە، نیشتمانێک هێندە پێشکەوتوو، گەلێک هێندە زیرەک و توانا و کار ڕەنگین، هێندە زانا و دەوڵەمەند، بەکوڵی دڵمەوە ئەیڵێم ئەو گەشتە، بەختیارترین هەلێکە کە بۆ بووژاندنەوەی لەش و هۆشم هەڵکەوتووە.

(هەڵەبجە) دەرگای هەورامانە. ئەو شارەیە کە بەنیشتەنی گەورە گەورەی گەورەترین هۆز (عەشیرەت)ی کوردەوە، (جاف)، ناوی دەرکردووە، پیاوی وەک (وەسمان پاشای جاف) و (مەحموود پاشا) و ئافرەتی وەک (عەدیلە خانم) ئەم ناوچەیەیان بەڕێوەبردووە. لەو سەردەمەدا پیاوی وەک (شێخ عوسمانی تەوێڵە)، بوێژی گەورەی وەک (مەولەوی) و (تاهیر بەگی وەسمان پاشا)، خوا ناس و زانا و تێگەیشتوو و بوێژی پێ گەیاندووە. ژیان لێرەدا ژیانی ئەوروپایە. سەربەستی ژن لەگەڵ پیاودا، لێرەدا لە هەموو شوێنێکی کوردستان زۆرترە.

(هەڵەبجە) سەرە ڕێگای بدەوبستێن (تجارت)ی عێراق و ئێرانە.

(هەورامان)یش جێگای تەماشاکاری خۆش و، بەزم و دڵداری و کۆڕی دەروێشان و کۆڕی ئازادی و سەربەستییە. ئەم ناوە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەناو پشێویش و خۆشیشیدا ناوێکی گەورەی دەرکرد. ئێستا هەموو کەس لە خۆ و لە بێگانە بۆ «گەشت» ڕووی تێ ئەکا.

لەبەر ئەوە چاوی کوردی ئەم ناوە زۆر کراوەتەوە. جێ و بانیان زۆر پێشکەوتووە. لەبەر ئەوە منیش ئەم هەلەی بۆم هەڵکەوت، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشەویستمدا کاک (ئیسماعیل عەلی)، لە دەستم نەدا. هاتم

(١) ئەم گەشتە لە مانگی ئابی ١٩٣٣دا کراوە.

لە چیمەن و لالەزاری، لە کزەبای فێنکی، لە کۆڕی دڵدارانی، لە کۆمەڵی زانا و تێگەیشتووانی کەڵکەوەر ببم.

شاکر فەتاح ١٩٣٣/٨/١٦

(دەرچووی مەتریکولێشنی ئۆکسفۆرد و کەمبرج، لە خوێندنگای بڵندی بڕومانا لە لوبنان)[١]

لەڕێدا

پەیمان وا بوو ڕۆژی چوارشەممە لە بەیانیدا بڕۆین، بەڵام ئۆتۆمبیلچییەکە پەیمانەکەی خۆی ڕانەگرت، ئێمەی خستە چێشتەنگاو. ساتی چوارەم[*] سواربووین. کوڕێکی دەنگخۆش و پیرێژنێکی ڕووخۆش و دوانی بێدەنگی کەمان لەگەڵ بوون. لە ڕێگا تاو، تاو، بەنۆرە من و ئەو گۆرانیمان بۆ یەکتر ئەسەندەوە. لەگەڵ هاوڕێکەیشمدا ناو بەناو قسەی خۆش خۆشمان ئەکرد.

ڕێگاکەی زۆر باش بوو. چونکە هاوین بوو. ئەگین لە زستانا ئۆتۆمبیل لە قوڕ ئەچەقێ، دەرەتانی نابێ بچێ بەهیچ لایێکا. ڕێگاکەمان بەناو گەرمای شارەزووردا ئەڕۆیشت. جارجارێکیش لە شاخە دوورەکانی هەورامانەوە کزەبایەکی فێنکی لێ ئەداین. گەلێ دێمان هاتە ڕێ. لە هەوراماندا چایخانە هەبوو. (ئاوی چەقان) و (ئاوی سەراوی سوبحان ئاغا) و گەلێ ئاوی زۆری کەمان هاتە ڕێ. شوێنەکەی یەجگار ئاودار و زەویوزاردار بوو. چڕە دارستانی گەورە گەورەیش بەلای ئەم ئاوانەوە پەیدا بوو بوون. بێجگە لەوە ئەم ناوە تووتن و مەرزە و چنار و بییەکی زۆری لێ دەڕوێنرێ. زۆربەیان هی بەگزادەکانی جافن. تووتنەکان چاودێریکەری میرییان بەسەرەوەیە. لەسەر شێوەی تازە تووتنی (سامسۆن) ئەچێنن. بەسایەی ئەم تووتنەوە کۆمەڵێکی گەورەیش لە لادێیی و ژنە لادێییەکان نان ئەخۆن. لە پاش دوو کات گەیشتینە (خورماڵ). دێیەکی بچووک بوو. بەڵام خاوەنی باخ و باخاتێکی فراوان و ئاوێکی زۆر و مزگەوتێکی یەجگار گەورە بوو. مزگەوتەکەی دوو نهۆمێکی بەرز بوو. هەیوانێکی پان و درێژ و، چەند ژوورێکی دەرگا و پەنجەرە داری هەبوو. لەسەر شێوەیەکی جوان دروست کرابوو. لە خواریەوە ئەستێرک (حوض)ێکی زۆر گەورەی هەبوو. ئاوەکەی سارد بوو. لە شوێن بەردەنوێژەکانیدا تەختەڕێژ کرابوو. لە دەستە چەپی ئەستێرکەکەوە ڕیزە گوڵ و گوڵەباخێکی جوان، لە پشت مزگەوتەکەیشەوە چەند تاوێر و کەڵە بەردێک هەبوو، ئاوێکی خوڕ بەناویاندا گڤەی ئەکرد، ئەو باخ و باخاتەی خورماڵی ئاو ئەدا. لە هەیوانی نهۆمی دووەمی مزگەوتەکە و سەربانەکەیەوە چاوئەندازێکی دڵگیری ئاو و سەوزایی (خورماڵ) چاوی پیاوی ئەگەشاندەوە. ئەم باخانە ترێ و هەنجیر، هەنار و هەڵووژە و قۆخ و قەیسی و گەلێ داری وەک چنار و عەرعەر و شۆڕەبی و نارەوەند و سوورە چناریان تیابوو. (شێخ حسامەدین) کە دێت لەم

(١) ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو خوێندنەوەی لە بڕوماناى لوبنان، پەیمانگایەکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بووە بۆ بەرەو وەرگرتن و خوێندن لە(ئۆکسفۆرد و کەمبرج) لە بەریتانیا، هەر ئەو پەیمانگایەش سەر بەو زانکۆیە بووە.

(*) ئەو سەردەمە ساتی کوردەواری بەکار ئەهێنرا، نەک فەرەنگی. (ش. ف)

مزگەوتەدا دەسوپێوەند و میوان و پیاوانی دائەنیشێنێ. (خورماڵ) چەند دووکانێکیشی تیابوو. لێرە نزیکی ساتێک ماینەوە. لە بن سێبەری سوورەچنارە گەورەکەی مزگەوتەکەدا ماندوویێتی خۆمم حەساندەوە. لەگەڵ چەند ئاشنایەکدا لەسەر سەربانەکە بەرکولێکمان کرد و سواربووین بۆ هەڵەبجە. زۆری پێ نەچوو، تووشی جۆگەکانی (دەڵێن) بووین، لێرەدا پیاوێکی بەکاری سلێمانی، (ڕەمزی ئەفەندی)، تووتن و مەرەزەی کردبوو. گەلێ کرێکارمان دی، لەوێدا، فەرمانیان ئەکرد. هاوڕێیەکی خۆمم لەوێدا دی، سەرکار بوو، خیوەتی لەوێ هەڵدابوو. گەلێکمان لەگەڵ خەریک بوو، بمێنینەوە. بەڵام بۆمان نەکرا. ئیتر بەناو چەند دارستانێکی کەیشدا تێپەڕمان کرد. ساتە ڕێیەکی تریش دەشتی (شارەزوور)مان بڕی، ئینجا گەیشتینە (هەڵەبجە).

هەڵەبجە ١٩٣٣/٨/١٦

ئەوی لە دوورەوە بێتە (هەڵەبجە)وە، ڕیزە خانوویەکی بەرچاو ئەکەوێ، شارێک لە شارە ڕازاوەکانی ڕۆژئاوای دێتەوە بیر. ئەم خانووانە هی (وەسمان پاشا)، (تاهیر بەگ)، (حامید بەگ) و دەوڵەمەندەکانی تری جاف و هەڵەبجەیین. ئێمە چووینە ماڵی (وەسمان پاشا)، لای (ئەحمەد موختار بەگ)ی کوڕی. بەڕاستی کۆشکێکی ناوازە بوو. دوو نهۆم، بەرز بوو. لە خوارەوە تار مەودالانی گەورە گەورە و پان، لە سەرەوە بەر هەیوانی فراوان، هەر چوار لای کۆشکەکەی ڕازاندبووەوە. ژوورەکان یەک لەسەر یەک بوون. دەرەوەیان بەئاوێنە بەندی و میناکاریی پڕ نەخش و نیگار، بەڕەنگی ئاڵ و واڵا، ناوەوەیان بەئاڵەت و ئاوێنەکاری، پەنجەرە و بن میچەکان و دیوارەکانیان جوان کرابوون. دەرگاکانیش کارێکی یەجگار جوانیان تیا کرابوو. لەهەر گۆشەیەکی کۆشکەکەوە لە ناوەندی دوو هەیواندا، ژوورێک هەبوو. پەنجەرەکانی بەهەر چوار لایدا ئەیڕوانی. یەکێک لەمانە (قولە)ی پێ ئەڵێن. چونکە جێگای شەڕە تفەنگ بووە بۆ بەرامبەری دوژمن. لەهەر لایە هەیوانێک هەبوو، بەدرێژایی لای خانووەکە. لەبەر ئەوە بۆ تەماشاگاه هەموو حەلێ ئەم کۆشکە شاهانەیە بەسەر ماڵەکانی هەڵەبجە و دێهاتەکانی بنار شاخەکانی هەورامان و باخەکانی چوار لای هەڵەبجە و دەشتی فراوانی شارەزووردا ئەیڕوانی. تێکڕا هەموو ژوورەکانی سەرەوە بەبەڕە و قالیچە، بەکورسی و مێز و ئاوێنەی گەورە گەورە پڕ کرابوونەوە. میوانەکانی (بەگ) لە نهۆمی سەرەوە دائەنیشن. سەیر ئەوەیە، بەپێچەوانەی (سلێمانی) ئەوی تۆزە ئاشنایەتییەکی هەبێ لەگەڵ (ماڵی پاشا)دا، بێ پرس ئەتوانێ بەهەموو لایەکی خانووەکەدا بسووڕێتەوە، تا خۆی یاخود ژنەکەی یان یەکێ لە دەسوپێوەندان ئەدۆزێتەوە. ئەم کۆشکە گەورەیە بەلای کەمەوە چل ژوورێکی گەورەی تیابوو. هەموویان پەنجەرەی گەورە گەورەی باکێشیان تیابوو. لەبەرئەوە (ماڵی پاشا) تا بڵێی فێنک بوو. چونکە با هەموو لایەکی ئەگرتەوە. لەو سووچەوە کە ئێمە لێی دانیشتبووین -بەری ڕۆژهەڵات- چاومان لە باخچەیەکی فراوان بوو، ئەستێرکێکی گەورەی لە ناوەڕاستدا بوو. لایەکانی کەیشی بەدار و درەختی بەردار و سێبەردار تەنرابوون. لەلای دەرگانەکەیەوە سەرشۆرک (حمام)ێکی خنجیلانەی جوان کرابوو، حەلی خۆی بۆ پاشا و خێزانی بووە. بەڵام ئێستا بۆ هەموو کەسە.

کە چووینە سەرێ بردیانینە ژوورێکەوە. ژووری ژنان بەرامبەری بوو. (حەبەخانی) ژنی (ئەحمەد بەگ) لەگەڵ دەسوپێوەندەکانیدا بەسەربەستییەکەوە. لەولامانەوە قسە و گەپی ئەکرد. چای ئەخواردەوە. ئێمەی نە ئەناسی ئەگین ئەهاتە لامان، دائەنیشت.

پیاوێکی باریکەلانەی چاوشینی دەموچاو سووری وریا دەستی هەردووکمانی گوشی. ئەم پیاوە کە (عەلی ئەفەندی)ی ناوبوو، خۆی لە بنچینەدا ئەڵمانی بووە. برایەکی پسپۆڕی لە منداڵیدا ئەیفڕێنێتە هەڵەبجە. ئێستا ئیسلامە. کوردی زۆر چاک ئەزانێ. لە ژنێکی کورد کوڕێکی کورتە بنەی یەک چاوەی زیرەک و وریای بووبوو. جا ئەم پیاوە بوو کە کار و فەرمانی (بەگ)ی بەباشی هەڵئەسووڕاند. ئەگین ئەوانی کەی گێژوویژ بوون. فڕیان بەسەر هیچەوە نەبوو.

ئەم و (حەمە فەرەج)ی کوڕی زۆر میوان نەوازییان کردین. سەردەمێک لەمەوپێش (حەمە فەرەج) لە (خوێندنگای ئەمریکان)ی بەغدا بووبوو. ئینگلیزییەکی باشی قسە ئەکرد. (تاهیر بەگی برای ئەحمەد بەگ) ئەڵێ: «قوربانی پەلت بم کە پەلی هامپەلت پەل کرد». گوایا براکەی (عەلی ئەفەندی) کە ناوی (هامپەل) بووە، (داود بەگی جاف)ی دەرمان خوارد کردووە. ئەوانیش ڕایان سپاردووە، یەکێکیان کوشتوێتییەوە. ئینجا (تاهیر بەگ)، خۆی ئەکات بەگۆڕی (قوربانی) بۆ ئەو کەسەی کە (هامپەلی) برای (عەلی ئەفەندی)ی کوشتووە!...

ژوورەکەمان بن میچکێکی ئاوێنەبەند، دیوارێکی ڕەنگکراو، چەند پەنجەرەیەکی میناکاری لەسەر شێوەی کۆن تیابوو. تاقەکان بەچینی شتی ناوازەی بلوورین ڕازابوونەوە. قاڵی و دۆشەک ئەمبەر و ئەوبەر ڕاخرابوون. ئێمە لێرە دانیشتین، چایان بۆ هێناین. لە پڕ کوڕێکی (١٦) ساڵەی قەد و باڵا جوانی پەری ڕوو هاتە ژوورێ. دەستی گوشین. ئێمەیش جگەرەمان دایە. پرسیم کێیە؟ خۆی وتی: «من مەسعودی کوڕی تاهیر بەگ»م. بەڕاستی دڵم ڕۆشن بووەوە. گەلێ قسەی خۆش خۆشی بۆ کردین. تەرحە پێکەنینێکی هەبوو، کاری لە دڵی پیاو ئەکرد. سەرگوروشتەی خۆی بۆ گێڕامەوە، کە بۆچی لە خوێندنگا وازی هێنا. بەڵام لە دواییدا تێگەیشتم کە سەرە واوێکی لە سکا نییە. هەر لەم لاو ئەولا ئەسووڕێتەوە. منیش ئاخێکم هەڵکێشا و لە دڵی خۆمدا گوتم: «داخەکەم تاهیر بەگی ناودار کەسێ نەبوو جێگای بگرێتەوە!». ئەگەر ئەم کوڕە باوک و دایکی بمایە وازیان لێ نەئەهێنا تا پیاوێکی ناوازەی وەک باوکی خۆی لێ ئەهاتەوە دەرەوە. بەڵام وا دیارە (ئەحمەد بەگ)ی مامی هیچ ئەوەی لێک نەداوەتەوە!؟... یاخود لێکی داوەتەوە بەڵام بۆی نەچۆتە سەر!... لەگەڵ ئەوەیشدا (مەسعود بەگ) هاودەمێکی زۆرباشی نواند. لەگەڵ (حەمە فەرەج)دا هەموو جارێ لەگەڵماندا ئەهاتە دەرەوە، ئەی گێڕاین بەناو شاردا.

لە دەرەوە (ئەحمەد بەگ)یشمان پێ گەیشت. ماندوو نەبوونی لێ کردین. پیاوێکی کەڵەگەت بوو. بەخۆوە بوو. موو زەرد و دەموچاو سوور بوو. جوانترین زەردەخەنەی هەبوو کە لە هەڵەبجەدا دیبووم. لە ئێمە تێپەڕ بوو... جارێ بام بڕۆین...

***

باخەکانی هەڵەبجە لای خوارووی کەوتبوون. (باخی میر)یان هی (ئەحمەد بەگ) بوو. لە هەموویان

گەورەتر بوو. باخچەیەکی کەیشی هەبوو، سوڕک و ئەستێرکی تیابوو، لەگەڵ چایخانەیەکدا کە لە بن سێبەری چەند دارێکی گەورەدا بوو. باخەکانی هەڵەبجە گەورە بوون. هەنار و هەنجیر و کەمێک ترێ و میوەی تریشیان تیابوو. جگە لەمانە ماڵە گەورەکانیش باخ و باخچەیان هەبوو. میوەی شاری هەڵەبجە ئەو باخانە پێکیان ئەهێنا. خانووەکانی هەڵەبجە چەشنی هی سلێمانین. ڕاستە شەقامێکی خنجیلانەی پاکی تیابوو. بەڵام کۆڵانەکانی تەسک و توروسک، پیس و پۆخڵ، نارێک و ناقۆڵابوون. دوو قەیسەری، دوو سەرشۆرک، چایخانەیەکی سەر نهۆمی سەرەوەی جوان، چەند ڕیزە دووکانێکی زۆر ڕێکوپێکی لێ کرابوو. تازە خەریکی دروستکردنی ئوتێلێک و ئۆتۆمبیل خانەیەک بوون... بەڵام چەند دووکانێکی ناشیرین بازاڕەکەی ناخۆش کردبوو. هەڵەبجە پێنج سەد ماڵێک ئەبوو. لە شوێنێکی تەختا هەڵکەوتبوو. گەلێ کانیاوی جوانی هەبوو. تووتنێکی زۆریشی لێ کرابوو باخەکان لە شیو و دۆڵەکانی خواروویدا هەڵکەوتبوون. هەر چوار لای دەشت و نەرمان بوو. لە دوورەوە شاخەکانی (هەورامان) دیار بوون. دێهاتی (عەبابەیلێ، جەلیل، عەنەب، گردی بەکراوا)ی لێوە دیاربوون.

***

سێ ڕۆژ لە هەڵەبجەماینەوە. جوولەکەکانی هەڵەبجە، لە هی سلێمانی، ئافرەتیشی دیسانەوە لەهی گەلێ جێگای تر سەربەستترن. (کانی ژنان) کە لە ماڵی پاشاوە دیاربوو، زۆر ژنی جوانی ئەهاتە سەر. ژن لە هەڵەبجەدا زۆر خۆیان ئەڕازێننەوە. لە کاتی کار و فەرمانیشدا هەر بەرگی جوان ئەپۆشن. سەری ژنی هەڵەبجەیی، جوانترینی سەری ژنانی کوردە کە دیبێتم. جوانیان زۆرە. پیاوانیش لەبەر ئەوە سەربەستن.

(ئەحمەد بەگ) هەمیشە بەدیار تووتنەکەیەوە بوو. دەیگوت: ئەم تووتنە هەزار دیناری بێ ئەگرمەوە!... گەلێ کرێکاری بۆ ڕاگرتبوو. سەرکارەکانیان دوانیان (ئەرمەنی) بوون. لەسەر شێوەی تازە تووتنە (سامسۆن)ەکەیان ئەشکاندەوە. بێگومان (ئەحمەد بەگ) بۆیە ئەمەندە بەدیاریانەوە ئەبوو، زۆر لە کرێکارەکانی ژنی جوانی هەڵەبجەیی بوون. هەر لەبەر ئەمەیش بوو کە کار و فەرمانەکەی وا زوو هەڵئەسووڕا.

(ئەحمەد بەگ) زۆر دڵتەڕ بوو. لە بەرگ و هەستان و دانیشتندا، لە ڕابواردندا، ڕەوشتێکی بوێژانەی هەبوو. وا بزانم لەبەر ئەوەیشە کە وا بوو، هەڵەبجە، خۆی دڵتەڕانە هەڵکەوتووە. ئاو و بای سازگاری، چاوئەندازی ڕەنگینی کچ و ژنی شیرین و نازەنینی، تیکڕا کاری لە ژیانی هەموو هەڵەبجەییەک کردووە. لەم هاوینەدا ئەبینی لە هەموو باخێکدا کەپرەو هەوار، نیشتەنییەکانی هەڵەبجە تیایاندا ڕائەبوێرن. (ئەحمەد بەگ) کە ئێوارە ئەهات، بەخۆی و چەند هاودەمێکیەوە لەگەڵ گۆرانیبێژێکدا بەمەی و جامی مەیەوە ئەچۆوە باخێک لەو باخانەوە. تا کاتی چوارەمی شەو ئەیخواردەوە و بەبەزم و ڕابواردن لە دەمە و ئێوارێوە، لەناو ئەو باخانەدا ڕایان ئەبوارد تا خەوتنان.

ئێوارێ نانێکی خۆشمان خوارد. هەڵەبجەیی لە چێشتا وەستان. گەلێک چێشتی خۆش خۆش و ناوازە دروست ئەکەن. لە پاک و خاوێنیشدا تەواون. پاش نان، چووینە (خوێندنگای زانستی). لەوێدا شاگردە

بوێژی نیشتمانپەروەر ئەحمەد بەگی پاشا

هەڵەبجەییەکان بەشەو بەدووکاندارەکانیان ئەخوێند. نزیکەی سی شاگردێک لەوێدا ئەیان خوێند.

***

بەیانی لە مزگەوت دەموچاومان شت. مزگەوتی ئێرە ئەستێرکەکەی گەورە بوو. بەردە نوێژەکانی تەختە بوون. پێشاوەکانی، بەپێچەوانەی هینەکانی سلێمانی دەرگایان هەبوو. دیوارێکیش پێشاوەکانی لەجێی نوێژ و دانیشتن جوێ ئەکردەوە. بەکورتی مزگەوتەکەی هەڵەبجە ڕێکوپێک و پاک و خاوێن بوو.

کە گەڕاینەوە ماڵی پاشا، (ئەحمەد بەگ) لە دیوەخانەکەیدا دانیشتبوو. زۆر گیان سووک و ڕوو خۆشم هاتە پێش چاو. باسی وێژەی کوردیم لەگەڵ کردەوە. لە کۆمەڵە هۆنراوەکانی خۆی گەلێکی بۆ خوێندینەوە. قسەکانی ئاودار و ناسک بوون. باسی دڵداری و نیشتمانپەروەرییەکی یەجگار بەهێزی ئەکرد. بەڕاستی خۆشخوانییەکانی لە چێشکەدا لە هۆنراوەکانی (تاهیر بەگ)ی برای کەمتر نەبوون. (ئەحمەد بەگ) نیازی هەبوو لە چاپیان بدات. بێجگە لەوە ئەیگوت: «چیرۆکێکی کاریگەری قوڕ بەسەری کوردم نووسیوەتەوە. نارەسەنی بێگانە پیشان ئەدات. چاوی کورد ئەکاتەوە». ئەیگوت: «گوێ نادەمە دڵ و ئارەزووی میری. قسەی سەربەستی ڕاستی خۆم هەر ئەکەم. بەوانەوە نەبێ لە چاپی نادەم». گوتی: «شتێکی تریشم بەدەستەوەیە. ڕەنگە ئەم زستانە تەواوی بکەم!».

بەرچایی، لە هەڵەبجەدا ئەمەندە بایەخی پێ نادرێ. لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ ئێمە نان و ماست و چایان دانا، کە زۆر خۆشیمان لێ چێشت، هەر لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ (ئەحمەد)دا بووین.

لەگەڵ (ئەنوەر بەگ)ی هاوڕێمدا چووینە ماڵی (حامد بەگ)ی مامۆی. ئێرەیش گەلێک ڕێکوپێک بوو. ئەستێرکێکی ئەندازەیی جوانی لە ناوەڕاستدا بوو کە لە بەردەمی کۆشکەکەیاندا بوو. ئەم خانووەیش

گەورە و بڵندبوو. ژوورەکانی بەکورسی و قەنەفە و مێزی ناوازەوە ڕازێنرابوونەوە. (حامد بەگ) مەکینەیەکی ئەلەکتریکی هێنابوو، چرای ئەلەکتریکی بەناو هەموو خانووەکەیدا بڵاو کردبووەوە. بەڵام لەبەر ئەرک زۆری کەم کەم ئەیانخستە کار. پارەی زۆری ئەویست. هەرچی هەڵەبجەییەکانی تر بوون، هێشتا هەر چرای نەوتیان ئەسووتاند.

بەڵام خانووی (تاهیر بەگ) وێران بووبوو. جاران لەبەر دڵی (خانمی وەسمان پاشای جاف) هەیوانی ئەوێ و ماڵی پاشایان بەپردێکی تەختە ئەگەیاندەوە یەک.

ئێستە ئەوەیش نەماوەتەوە. (ئەنوەر بەگ) ئەیگوت: «حەلی خۆی ماڵی پاشا، لەو حەلەدا کە (خانم) سەرداری هەڵەبجە بووە، دەروژوور، کەسی نەگرتووە. ئێستە ئەمەندە نیشتەنی کەمە وەکو چۆڵی لێ هاتووە». ئیتر لە پاش نازگرتنێکی زۆر و میوانداریيەکی یەجگار باش لەلایەن برا هەڵەبجەییەکانەوە، لەسەر فەرموودەی (ئەحمەد بەگ) چووینە «دەرەشیش».

دەرەشیش ١٩٣٣/٨/١٩

(ئەحمەد بەگ) لەگەڵ یەکێکدا ناردینیە کن (حەمە سەعید بەگ)ی زاوای. لە دێی (عەنەب)ەوە تێپەڕین. دێیەکی پڕ لە باخی خۆش بوو. لەسەرە ڕێگادا لە بن چەند دارێکدا ئەستێرک و ئاوێکی جوان هەبوو. چایخانەیەکی لێ کرابووەوە. لەوەلا بەسەر گردێکا جگەرەکێشێک سەرکەوتین و ڕۆیشتین ئینجا بەسەرەو لێژاییەکدا هاتینە خوارەوە. لە چەمێکمان دا. لە سەر و باخاتێکی درێژۆلکەدا چەند ماڵێکمان دی. ئەوە (دەرەشیش) بوو. لەناو خانوویەکی یەک نهۆمیدا کە ئەیڕوانی بەسەر باخ و باخاتەکەدا، (حەمە سەعید بەگ)، دانیشتبوو. پیاوێکی درێژکۆڵەی باریکەلانەی، بەسەزمانی لەسەرخۆ و گوێڕایەڵم هاتە پێش چاو. لەبەرمان هەستا و دەستی گوشین. پاشان (حەمەد بەگ)ی برایشی هات. کە پیاوێکی بەدەم هەڵەشە و دەم گەرم بوو. کوتوپڕ هەواڵی (ئاسووری)یەکانی لێ پرسیم. لە پێشەوە حەزی بەمانیان ئەکرد، لە کوردستاندا. لە دواییدا قسەکەی گۆڕی. کوڕێکی بچکۆلانەی خنجیلانەی جوانکیلانە، کە ناوی (حەمە عەلی) بوو، لەو لاوە دانیشتبوو بەتەمەن هەر دوانزە ساڵێک ئەبوو. کوڕی خانەخوێکەمان بوو. خوێندنی سەرەتایی لە هەڵەبجەدا تەواو کردبوو. لە چاو خۆیدا ئینگلیزییەکی جوانی قسە ئەکرد و زۆر باش بەئینگلیزی گفتوگۆی لەگەڵدا ئەکردم. (حەمە عەلی) زیرەکترین و سەربەستترین شاگردی ناوچەی هەڵەبجە بوو، کە تا ئەوسا دیبووم. بەخۆی و لووتە کەروێشکییەکەیەوە، بەدەنگە زرنگدار و قسە گورجەکانیەوە، بەچاوە گەشە جریوەدارە بچکۆلەکانیەوە، بەتەرحێکی وا کێشی کردین، زۆربەی قسەکانمان لەگەڵ ئەودا ئەکرد.

باوکی زۆری خۆش ئەویست. چونکە دایکی نەمابوو، زۆر جار لە باوکی تووڕە ئەبوو، قسەی ئەترازاند، قسەی بەمامی ئەگوت، (حەمە سەعید بەگ)، خۆی لێ لێڵ نەئەکرد. لەگەڵ مامیدا کە پیاوێکی نەزان و نەخوێندەواربوو، کەوتە دەمەقاڵێیەوە. مامی سوێندی خواردبوو کە خانووی لە سەهۆڵ دروستکراو، پیاوی تیا ناژی. چونکە (حەمە عەلی) تێی نەگەیاندبوو کە سەروخواری بەکەوڵ

دائەپۆشرێ. بەڵام کە (حەمە عەلی) لە منی بیست خانووی سەهۆڵ، پیاوی بەو تەرحە تیا ئەژی، مامی بەدرۆخستەوە. پێی گوت: «سوێندەکەت کەوت!؟» لەسەر ئەوە مامی تووڕە بوو، لێمان تۆرا.

لە چەمەکەی (دەرەشیش)دا تۆزێ خۆمان شت. تا گەڕاینەوە (حەمە سەعید بەگ) لە بن دارێکدا بەتەنشت جۆگایەکی جوانەوە سەماوەری لێ دەم کردبوو. ئەسکەملی ڕێکوپێکی بۆ ئێمە دانابوو. لە ناوەند چای خواردنەوەدا باسی (کورد) و (کوردایەتی) هاتە پێشەوە. بەو و بە(حەمە بەگ)ی برای گەلێ قسەی ژیرانەیان لە بابەت پێشکەوتن و سەربەخۆیی کوردستانەوە کرد. پاشان چووینە باخەوە. لە بن دارگوێزێکدا لە گوێی چەمەکەدا دانیشتین. دەوروپشتمان دار هەنجیر و هەنار و قۆخ و کەڵەمێو بوون. هەندێ میوەی بۆ کردینەوە و خواردمان. (حەمە سەعید بەگ) حەزی ئەکرد، لەگەڵ کوڕەکەیدا، قسە بەئینگلیزی بکەین. ئەیگوت: «ئەم ساڵ بێتەوە ئەینێرمە (سلێمانی)، خوێندنی ئەوێش تەواو بکات.

دەمە و شێوان بوو. کابرایەکی کەتەی چوارشانەی کوت و کوێری دەموچاو کرمۆڵ، بەهەڵەداوان هات و دانیشت. ماندوو نەبوونیمان لێ کرد. ئەمە (شێخ جافر)، پیاوێکی بەگزادەکانی هەورامان بوو. (بەگ) وای پیشان داین: «شێخ جافر لە هیچ ناسڵەمێتەوە: ئەخواتەوە...». خۆیشی گوتی: «پرسیم. وتیان دووانی خەڵکی سلێمانی لەلایە. ئیتر زانیم خواردنەوەتان لا هەیە. بۆیە هاتم!...». بەڵام (حەمە سەعید بەگ) تکای لە ئێمە کرد بی بەخشین کە ناتوانێ ئەو ئێوارەیە خواردنەوەمان بۆ بهێنێ. بەڵام من تێم گەیاند کە نە من، نە هاوڕێکەم، کاک (ئیسماعیل عەلی)، هیچمان ناخۆینەوە... وا دیارە ئەم بەگزادە جافانە، تێکڕا هەموو ئەخۆنەوە. گوێ نادەنە نوێژ و ڕۆژوو و شێخ و مێخ!!.

لەگەڵ ئەوەیشدا (شێخ جافر)، پیاوێکی دووربین و شارەزا، لەسەرخۆ و قسەخۆش و دەم گەرمی پیشان دا. خوێندەوار و زیرەک بوو. گەلێ قسەی جوان جوانی لە بابەت زۆرزانی ئینگلیز و نەزانی کوردەوە، هەروەها لە بابەت پاشکەوتوویی کوردەوە کرد. سەر بە(خانم) و کوڕەکانی و، بەگزادەکانی (هەورامان) بوو. زۆر خەفەتی ئەخوارد کە (مەسعود بەگ) جێگای ئەو پیاوە گەورەیە، (تاهیر بەگ)ی باوکی ناگرێتەوە، باسی جوامێری و نان بدەیی و وێژەوانیی (تاهیر بەگ)ی ئەکرد. ئەیگوت: «حەلی خۆی، خۆی شاگردەکانی خوێندنگای تاقی کردۆتەوە لە گیرفانی خۆیشی پاداشی پێ داون». شێخ جافر جار بەجارێ باسی (ناپلیۆن) و (ئەدیسۆن)یشی ئەخستە ناو ناوانەوە.

باسی هۆنراوەی کوردیم لەگەڵا کردەوە. ئەیگوت: «ناهی خانی کچی خانم خوێندەوارە. کەشکۆڵێکی یەجگار گەورەی هەیە. بوێژ نەماوە لە کورددا هەڵبەستی ئەوی بەتەواوەتی تیا نەبێ». دوای ئەوە گوتی: «سەیر ئەوەیە هی چەند بوێژێکی نەخوێندەواری ئەم ناوەی تیایە، بێ هاوتان. هی چەند کەسێکی کەشی تیایە، کەس ناویشی نەبیستبوون». بەڵێنی دامێ کە هاتمەوە هەڵەبجە بمباتە لای (ناهی خان)، ئەو کەشکۆڵە نرخدارەیم پیشان بدات. دیسانەوە لە کۆڕی قسەکردندا گوتی: «لە شاری (هەورامان) کە لە کوردستانی ئێراندایە، مێژوونامە، (تاریخ)ەک بەزمانی هەورامی نووسراوەتەوە حەوت سەد تا هەشت سەد لاپەڕە ئەبێ. لە دەمێکەوە کە نۆ سەد ساڵ لەمەوپێش ئەگرێتەوە، تا ئیمڕۆ بەنووسین و هەڵبەست باسی پاشایان و سەردارانی کوردانی (هەورامان) ئەکات. باسی شەڕ و شۆڕ و ئاوایی ناو شاخەکان

ئەکات تا ئیمڕۆ». ئەیگوت: «ئەم نووسراوە لە دەمی بەهمەن شای هەورامییەوە دەست بەنووسینی کراوە، سەرەتاکەی بەزمانی کوردی هەورامانی کۆنە. ئیمڕۆ لە خۆیشیان کەم کەس تێی ئەگات. وا بزانم تەنیا دانەیەک لەوە هەبووە. چونکە هەر پشتێ هاتووە و خستوێتییە سەری. لام وایە مەلایەک لە(مەریوان) دانەیەکی کەی لەبەر نووسیوەتەوە، دای بەکوڕێکی (جافر سان) بەحەفتا تمەن!».

(شێخ جافر) بۆ بەیانی زوو بەرەو کەژی سەر سنوور چوو، (ئەفراسیاب بەگ)ی ئاغایشی کە ئێستا لە فەرمانڕەوایانی (عەرەب) و (عەجەم) هەڵساوە دەروونی پڕە لە خەم و خەفەت بۆ تێک چوویمان، بۆ سەرشۆڕیمان. ئافەرین بۆ (بەچکەی عەبابەیلێ). بەیانی سواربووین. لەگەڵ پیاوی بەگدا چووین بۆ (هانە نەوتی).

هانە نەوتی ١٩٣٣/٨/٢٠

هەر نیوە ساتێکمان بەسەر گرد و دۆڵی ڕووتدا بڕی. ئیتر کەوتینە گوێ چەم و ئاوی (بیارە)وە. تا ساتێکی تەواو ئێمە بەتەنشت باخ و باخاتی هەنار و گوێز و توو و کەڵەمێودا ڕابوردین کە بەو ئاوە ئاو ئەدرێن، تا گەیشتینە «هانە نەوتی». ئەم باخانە هەموو هی (شێخ حسامەدین) بوون. ئیتر خوڕە و هاژەی ئاوی چەمەکە و، بەرگی ئەتلەسینی باخاتەکە، باوەشێنی عەرعەرەکانی سەر ڕێ ماندوویێتی درێژی ڕێگاکەی لە بیر پیاو ئەبردەوە. کاتێکمان زانی لەبەرماڵێکی وشکە کەڵەکی بەرزدا باخەکانی خوار و ژوورووی (هانە نەوتی)ی لێوە دیاربوو. (هانە نەوتی) ئەم ماڵە و ماڵێکیکەی تیایە. ئەمەیان ماڵی (شێخ محەمەدی کوڕی شێخ حسامەدین) بوو.

(شێخ محەمەد) بەزمانێکی میوان نەوازانەی یەجگار ماندوونەبوونی لێ کردین. هیوام وایە خوێندەواران لێم ببوورن کە بەزمانێکی ڕاستی پەرستییەوە باسی (شێخ محەمەد) ئەکەم. ڕەنگە لە پیشاندانی کردەوەی ئەم و شێخی باوکیدا خۆشییەک و کەڵکێکی بۆ خوێندەواران تیا بێ. ئەمە زۆر سەیرە لە پیاوێکی وەک (شێخ حسامەدین)ی ئیسلام و خواپەرست، لەناو گەلێکی پاشکەوتووی چاو بەستراودا، لە کۆڕی ئەم هەموو دەروێش و دێوانانەدا، لەناو ئەم شاخ و داخەی (هەورامان)[1]دا: پیاوێکی وا ببێ و هەڵکەوێ وەکو (شێخ محەمەد).

پیاوێکی وا کە بەئاشکرا، نوێژ نەکا، بەڕۆژوو نەبێ، مەی بخواتەوە، کە هەرچی دڵی ئارەزووی ئەکات

(١) هەورامان: دەڤەرێکی دڵگیر و جوان و سەختە لە کوردستاندا، لە دەوروپشتی هەڵەبجەوە دەست پێ دەکات، هەردوو ناحیەی خورماڵ و بیارە و شارۆچکەی تەوێڵە دەگرێتەوە؛ جگە لە دەیان گوندی جوان و ئاوەدانی تر. ئەم بەشەی کە لە باشووری کوردستاندایە پێی دەوترێ (هەورامانی لهۆن) و بەشەکەی ئەودیو کە سەر بەئێرانە (هەورامانی تەخت)ە کە لە ڕووی ژمارە و پانتاییەوە گەورەترە. ڕا و بۆچوون زۆرە لەسەر ئەسڵی ناوەکەی، هەریەکەو بەپێی بۆچوونی دەیباتەوە سەر ڕووداوێ یا جێگایە، بەڵام ئەوەی شیاوتر و لەبارتربێ ئەو ڕایەیە کە گوایە لە (هەواری – ئەمان)ەوە هاتووە، کە بەپێی پەناگیری و سەختی دەڤەرەکە بۆتە هەوارێکی ئەمین و بێ ترس بۆ دانیشتووەکانی.

بیکات[*] بەلای (شێخ محەمەد)ەوە: خانەقا، شێخێتی، دەروێشی، خواناسینێک بەم تەرحەوە –وەکو خۆی ئەیگوت– کە خەڵک لە کار و فەرمان بخات، تەمەڵی بڵاو بکاتەوە، گەلی پێ بدۆشرێ... پەشمە... پەشمە!!.

یان وەکو خۆی ئەیگوت: «شێخ پیاوێکی ژیرە، چونکە ئەتوانی ئەمەندە کەس کەر بکات. چونکە خۆی لە نوێژ و ڕۆژووە درۆکانیان ئاگادارە... بەڵام چونکە نەزانی لەوەدایە، قسە ناکات!. ئەوان چۆنیان پێ خۆشە وا ئەکات!...».

لە زۆر لادێییم ئەبیست ئەیانگوت: «شێخ محەمەد خوا نەناسە. پیاوی ئینگلیزە!... هەرچی ناشیرینە ئەوە ئەکات... لە هەموو شتێکدا!».

لەگەڵ ئەمانەشدا هەمووی (شێخ محەمەد)م پیاوێکی تێگەیشتوو و، پێگەیشتوو و، ژیر و زرنگ هاتە پێش چاو. پیاوێک بوو کە بەباڵایەکی بڵند و دوو چاوی گەش و تیژبینەوە، بەڕۆینێکی لەسەرخۆ و دەم و چاوێکی مەندەوە، سیمای پیاوێکی سامداری ئەخستە مێشکی پیاوەوە. بەڕانکوچۆغەیەکی مەرەزە و پێڵاوێکی نرخ هەرزان و مشکی و جامانەیەکی کۆنەوە، گورج لە پیاوی ئەگەیاند کە (شێخ محەمەد) گیان سووکە، بێ وەیە، بێ کەشوفشە بەسەر بەردەست و لادێییەکانیدا. مۆن نەبوو. مەند بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەر خۆی و میوانەکانی بووایە، جار بەجارێکیش لەگەڵ پیاوەکانیدا بووایە، خۆشترین قسە و سەرگوروشتەی ئەهێنایەوە، پیاوی بەکوڵ ئەهێنایە پێکەنین. لە شێخ و دەروێش، لە باوکی و (شێخ عەلائەدین) تەقەیەکی زۆری ئەکرد. ساهەر لەبەر ئەم تەقانەبوو، کە ئەمانبینی پیاوەکانی (شێخ محەمەد) گەلێک لە پیاوەکانی شێخەکانی تر وریاتر و چاو کراوەتر و ڕێکوپێکتر بوون... خانەخوێکەمان، بەکوردی هەورامان و کرمانج و فارسی و تورکی و عەرەبی بەتەواوی قسەی ئەکرد. کەمێک لە زمانی ئینگلیزیش تێ ئەگەیشت. بەڕاستی خوێندەوارێکی پوختە بوو. ئەیزانی لەگەڵ خواناس و خوا نەناس، ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا، زۆر چاک هەڵبسێ و دانیشێ و، لە بابەت هەموو شتێکەوە، بەپێی تێگەیشتنیان قسەیان لەگەڵدا بکات. لەناو ئینگلیزەکاندا هاوڕێی زۆر هەبوو. زۆریشی لەگەڵدا ڕابواردبوون. وەکو خۆی ئەیگوت: «چەند ساڵێک لەمەوبەر بەفڕۆکە لە خورماڵەوە بەسەر شاخەکانی هەوراماندا و بەسەر سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و موسڵ و بەغدادا گەڕابوو». سەیر ئەوەیە بەتەواوەتی لە کاروباری بێگانە لەگەڵ کورددا شارەزابوو. زۆر جاری وا بووە، کەوتووەتە ناوەند ئینگلیزەکان و کوردەکانەوە، ئاشتی کردوونەتەوە. وەک خۆی ئەیگوت: «هەمیشە نامەکاری لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هەبوو. لەبەر ئەوە زۆر لە فەرمانڕەوایی ئێران ئەترسا، نەی ئەوێرا بچێتە ناویانەوە!».

بەڵام نازانم بۆچ، لەو کاتەدا، خۆی بەژێردەستی فەرمانڕەوایی بەریتانیا نووسیبوو؟! لەو حەلەدا کەوا (ئەفراسیاب بەگ) لە عەرەب و عەجەم هەڵسابوو، کە شەو هەبوو، لە جێگایەکی نهێنیدا، نانی لەگەڵ

(*) خوا لێخۆشبوو (شێخ محەمەد)، لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیا کە کرابوو بەشێخ و چوو بووە جێگای باوکی خوالێخۆشبووی، وازی لە هەموو بەزم و ڕەزمێک هێنابوو. (ش. ف)

نەخواردایە، ڕێوشوێنی نیشان نەدایە! زۆر شەوی وا هەبوو تفەنگ بەدەستە یاخیبووەکان تا دەمەوبەیان لە ماڵی (شێخ محەمەد)دا نانیان ئەخوارد، ڕایان ئەبوارد، کە بەیانی ئەهات، ئەچوونەوە شەڕ!؟.

(شێخ محەمەد) زۆر نان بدە و دەست بڵاو بوو. هەر چی ببوایە دەرخواردی میوانی ئەدا. دەسا لەبەر ئەم دەست بڵاوییەی بوو کە گیرفانی تەنک بووبوو. دوور نەبوو تەنکتریش ببێ.

لە (هەورامان)ی عێراقدا خانەخوێکەمان باڵی ڕاستی شێخی باوکی بوو. باخ و باخاتەکانی ئەم ئەی هێنانە بەرهەم. ئەیانگوت: «شێخ موعتەسەمەی برایشی لە ئێراندا وەها بەکار بوو. بەڵام شێخ عوسمان هەموو دەم لە خانەقادا کەوتبوو... بێ کارە بوو...».

من (شێخ محەمەد)م وەک (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) ئەهاتە پێش چاو. بۆ هەموو پرسێ ئامادەبوو. لە هەمـوو کـۆڕێکدا، لەژێر پەردەیەکی ناسک و پیـاوانەدا، پلاری خـۆی ئەهاوێشت، پیـاوی ئەهێنایە پێکەنین. بەرامبەرەکەیشی ئەپێکاند. لە باسی (بیارە) و (باخە کۆن)یشدا ئەو قسانە دێنە گوتن.

جا ئەم پاڵەوانە سەیرە بوو، سەرداری (هانە نەوتی)[1].

***

(شێح محەمەد) بردینیە ناو باخەکانیەوە. ئاوی چەمی (بیارە) بەبەر دەمماندا تافە تافی ئەکرد. لە بن دارێکی گوێزی گەورەدا دانیشتین. شێخ گوتی: «دەی بام تۆزێ قسەی خۆمانە بکەین. واز لە قسەی گەورە و بچووکی بهێنین!».

ئینجا بەناو ئەو دارستانە گەورەیەدا، کە دە و دوانزە سەریان دابووە یەک و بەپلپلەی گەڵامێو ڕازابوونەوە، ئەتگوت شایی و زەماوەندە، لە هەر دارەوە تەرحە تیشکێک ئەهاوێژرا. هەڵووژە، تیشکی سوور، ترێیش تیشکی ڕەش و سەوز و زەرد و سووری ئەهاوێشت. لە هەر شوێنێکەوە سەیرت ئەکرد، ئاو بوو هەڵئەقوولی و، بەسەر وردە بەردی ئەو باخانەدا، بەناو گڵە سووری زەوییەکەدا پەخشانی ئەکرد. لە هەرلایەکەوە گوێت ئەگرت خوڕە و تافە و هاژە هاژی ئاو بوو، بەسەر ئەر کەڵەبەردانەدا. شەققەی باڵی پەلەوەر بوو. ئاوازی شیرینی چۆلەکە و بلبلان و، قاسپە قاسپی کەوان بوو. ئەو سەوزییە ئەتڵەسینەی دار و درەختە، لەگەڵ ئەو تارا زێڕینەدا کە ڕۆژی ئەیدا بەسەر باخ و چەم و قاڵیچە سەوزەی سەر زەوی بن دارەکاندا، ئەو بۆنە خۆشەی گەڵا دارگوێزانە و، ئەو ترنجۆکەی کە پەنا سێبەرەکانی داپۆشیبوو، لەگەڵ ئەو تیشکە زیوینەی کە لە ئاوی بلوورینی چەمەکەوە ئەهاتەوە بەگژ دار و بەردی چەمەکەدا و لاگەردنی درەختەکانی وەک ئاوێنە ئەدرەوشاندەوە... ئەمانە، هەموو، تەماشاگایەکیان پێک هێنابوو، نەک دڵێ، هەزاران دڵی شێت و شەیدا ئەکرد... خۆزگە خرپەی ئەو خەوە خۆشەی کە لە بن ئەو دارانەدا ئەهاتە گوێی هاودەمەکانم، جارێکی تر لێم بهاتایەوە. کاشکی ئەو خۆشییەی کە لە خواردنی ئەو کاڵەکە شیرین و

(١) لە ساڵی ١٩٤٠دا کە بووم بە(کارگێڕی لادێی خورماڵ)، لە خوالێخۆشبووان (شێخ محەمەد) و (شێخ حسامەدین)ی باوکییەوە، بۆ کەلکی گشتی، یارمەتیم زۆر دی، کە هەتا ئەمێنم سوپاس و ڕێزیان پێشکەش ئەکەم. (ش. ف)

شووتییە ساردە ناسکە و، ئەو ترێ دەنک زلە و، ئەو جگەرە بۆندارە و، ئەو ئاوە سازگارە و ئەو کزەبا فێنکە و، ئەو مریشک و قوبڵی و بامیە و دۆیە شیرینە و، ئەو چایە بۆن خۆشەدا دیم، لەناو باخەکانی (شێخ)دا، جارێکی کەیش زمانم بیچێشتایەوە!.

***

دەمە و ئێوارێ بەژێر سێبەری ئەم دارانەدا چارەکێک ڕۆیشتین. (شێخ محەمەد)، ڕیزە چنار و بێستان و دووکانە پەمووەکانی خۆیانی پیشان داین. لەبەر ماڵەکەیدا پیاوەکانی خەریکی شەنکردنی گیا «وێنجە» بوون. ئەمە تۆوێکی وردی ڕەنگ ڕەش و زەردی هەیە. پووشەکەی خۆرشتێکی یەجگار نایابە بۆ ئاژاڵ. (شێخ محەمەد) وەکو برایەکی خۆی قسەی لەگەڵدا ئەکردن. دیاربوو کە لەگەڵ ڕەنجبەر و لادێییەکانیشدا هەروەها شیرین و بێ وەی بوو. ئەو شەوە (شێخ) دیاربوو، مەست بوو. لەبەر ئەوە قسەی خۆشی بۆ ئەکردین. جەرگی بۆ پاشکەوتنی کورد ئەسووتا. ڕەخنەی لە نەشارەزایی و کەمتەرخەمی (شێخ مەحموود)ی گەورە بەرامبەر بەگزادەکانی (هەورامان) ئەگرت.

ئەی گوت: «ئەگەر شێخ مەحموود تێبینی بکردایە و بیزانیایە چۆنیان ئەکاتە پشتیوانی خۆی، لە بریتی پارەسەندن، پارەی بدانایە بەتایبەتی بەجافرسان وەکو دامان نابوو، بەسایەی لەشکری خۆی و ئێمە و هەورامان و پشدەرەوە. (هەڵەبجە) و (سلێمانی) و (خانەقین) لە یەک دوو ڕۆژدا داگیر ئەکران».

ئەو شەوە زۆر سارد بوو. بەیانی لەگەڵ پیاوێکی خۆیدا، لە پاش ماڵئاوایی کردن، چووین بۆ (تەوێڵە).

تەویلە ١٩٣٣/٨/٢١

هەر نیو ساتە ڕێیەک دوور، بەتەنشت باخ و ڕەزەکانەوە لە بن سێبەری سوورە چنارێکدا چایخانەیەکی خنجیلانە و جوان کراوە، لە سەماوەری وەرشاو، لە قۆریە و پیاڵەی نایاب، بەپاک و خاوێنییەکی تەواوەوە چاییت بۆ دێنن. لادێییەکانیش ڕێکوپێک، زۆر بەناسکییەوە ماندوو نەبوونیت ئەکەن. لە بابەت قسەکردن و هەڵسان و دانیشتنەوە، لە بابەت خاوێنی و ڕێکوپێکییەوە، ئەمان گەلێک لە شارباژێڕییەکان پێشکەوتووترن. بەلای گوندەکانی «مشیلە» و «بەڵخە» و «شمشە»دا ڕۆیشتین. ماڵەکانیان دوو نهۆم و، زۆر ڕێکوپێک بوون. کە نزیک تەوێڵە بووینەوە، تا ئەوێ. لە چەند لایەکیشەوە ئاو ئەهاتە خوارێ. بەرتیشکی ڕۆژەکە ئەکەوت، ئەچریسکایەوە. سێ ساتی تەواوی پێ چوو، ئینجا گەیشتینە (تەوێڵە). بەسەر پردێکا پەڕینەوە. لە ژێریەوە چەم ئاوی (تەوێڵە) گڤەی ئەکرد. لەبەر کۆشکێکی گەورەی دوو نهۆمدا ڕایان گرتین. ئەوە ماڵی (شێخ حسامەدین) بوو. یەک دووانێ بردیانینە کۆشکێکی کەوە. بەتەنشت دەرگاکەیەوە ئەستێرکێکی گەورە هەبوو، لە بن سێبەرێکدا لە کانییەکەوە ئاوی ئەچووە سەر. سەر دەرگاکە، کەلەگی و ژێرخانێک بوو، (شێخ حسامەدین)ی تیا دائەنیشت. لە خوارەوەیش بەلای دەستە چەپدا، چەند ژوورێک هەبوو، لەگەڵ هەیوانێکی نوێژکردن، سپیکراو و، پڕ نەخش و نیگار، لە تەنیشتیەوە ژوورێک هەبوو، (شێخ بەهائەدین)ی باوکی (شێخ حسامەدین)ی تیا

نیژرابوو. لە بەردەمی ئەم هەیوانەوە، ئەستێرک و سورکێکی جوانی ڕێکوپێک هەبوو، دەورووپشتی بەتەلەبەردی تەخت و خشت تەنرابوو. لە پێش ئەم سەکۆیەوە. دە پانزە دار عەرعەری سی گەز بەرزی چووبون بەئاسماندا. ئەگەر ئێواران لەسەر ئەم ئەستێرک و سورکە دابنیشیت و تەماشای ئەو چەم و باخاتەی خوارووی خانەقاکە بکەیت، لەو لایشەوە سەیری خانووەکانی (تەوێڵە) بکەیت، کە بەقەد شاخەکەدا هەڵچووبوون، لەگەڵ ئەم دار عەرعەرانەدا، هەرچی خەم و خەفەت هەیە لە دڵتدا نامێنێ.

***

بێچووە سەیدێکی هەرزەکاری ڕووخۆش لە پلیکانەیەکەوە بردینیە سەرێ بۆ ژووری میوان. کە چووین نان دانرابوو. سەید ئەو ڕستەیەی دا بەبن چنگماندا:

«متی حضر الطعام بطل الكلام». سینییەکە: نانی هەورامی و، ماست و، قوبولی تەماتە و تۆزێ ترێی لەسەر بوو. پاش نانخواردن، لە چایخانەی تایبەتی خانەقاوە چایشیان بۆ هێناین.

شێخ ئەمانەی بەسەر کاروباری خانەقاکەدا: بۆ چێشت هێنان و چا دان و ئەسپ و مایین بەستنەوە... دابەش کردووە.

پاش نوستن چووینە لای (شێخ حسامەدین)، لە ژووری دانیشتنی خۆیدا. دەستمان ماچ کرد. ئەویش هەستایە سەر پێیان و سەری ماچ کردینەوە. یەکێک باوەشێنی ئەکرد. دەروێشەکانیشی بێجگە لە کوڕەکەی و براکەی، هەموو دەست بەسنگەوە، لەبەر دەمیا وەستابوون. فەرمووی: جگەرە و چایان بۆ هێناین. ئێمەیش، من و ئیسماعیلی هاوڕێم ڕێز و خۆشەویستی باوکمان پێشکەش کرد.

شێخ پیاوێکی چوارشانە، لە بالادا ناوەنجی بوو. دەموچاوێکی بەسامی هەبوو. ڕیشێکی سپی، ڕوویەکی سوور، دوو چاوی پێوە بوو، کلێکی زۆری لێ دابوون. تا خوا حەز بکات دڵی پیاوی کێش

شێخ محەمەدی شێخ حسامەدین

ئەکرد. کوتوپڕ بەزەردەخەنەیەکی شیرینەوە، بەگەرمی دەستی کرد بەقسەکردن. پیاوێکی زۆر تێگەیشتوو بوو. ئەیویست بەدڵی ئێمە قسە بکات. باسی (مەحموود پاشا) و جافەکانی ئەکرد، کە حەلی خۆی ئامۆژگاری پیاو چاکی کردوون، تا زۆر لە کەس نەکەن. پاشان هاتە سەر باسی خانوو دروستکردن. جار بەجارێ قسەی پێکەنین هێنەریشی ئەهێنایەوە. جارجارێکیش قسەکانی ناو قورئان. لە قسەکانیەوە وا دیاربوو کە لەگەڵ بەگزادەکانی هەوراماندا تۆزە ناکۆکییەکیان هەبوو. ئەیگوت: «تا ئێستا پیاوخراپ، دوو جار ویستوویانە بمکوژن». یەجگار قینی لە شەڕ و کوشتاری هەورامییانە بوو. ڕاستییەکەیشی نیوەی لەبەر ئەوەبوو کە بەهۆی ئەو پشێوییەوە کوردەکانی ئێران ناتوانن بێنە ئەم دیو، دیاری و داهاتی بۆ بهێنن. چونکە (شێخ) هەرچی دەست ئەکەوت زۆری لە ئێرانییەکانەوە دەست ئەکەوت.

شێخ بەشی زۆری دێهاتەکانی لە هەورامانی ئەم دیو و ئەو دیودان. لە (سنە) و (سابلاخ)یشدا بەشی هەیە. ئەمانەی هەموو داوە بەسەرکار و باخەوان، بۆی بهێننە بەرهەم. زۆرجار وتوویەتی: «قەی ناکات بام بەدزییەوە بیخۆن. ئەوی من هەمە هی کێیە؟ هی خۆیان نییە؟!». کوڕەکانیشی چاکی ئەخۆن!... باخەکانی یەجگار گەورە و بەردار و ئاودارن. داری توو و گوێز و ترێ و هەڵووژە و چناریان بەهەزاران تیایە. دارگوێزێکی (شێخ) لە (تەوێڵە) حەفتا هەزار گوێزی گرتبوو!... شێخ ئەم شاخە سەختانەی وەکو پلیکانە، لە سەرەوە تا خوارەوە کردووە بەسەکۆ، سەکۆ. بەمە شاخەکە زەوییەکەی زۆرتری لێ هاتووە. هاتوچۆیشی تیا ئاسانتر بووە. ئەو ڕێکوپێکییەی لە دروستکردنی ئەم سەکۆیانەدا دیومە لە (لوبنان)یشدا، بەو هەموو شارەزاییەوە کە هەیانە، نەم دیوە. ئەمە هەمووی بەکۆڵی «دەروێشان» کراوە!.

کاشکی تووەکەی بۆ کرمی ئاوریشمیش بەکار بهێنرایە. ئەوساکە شێخیش و لادێییەکانیش دەوڵەمەندتر ئەبوون. دێی (باخەکۆن)یش شێخ حسامەدین ئاوای کردۆتەوە. جگە لەوە لە هەموو دێیەکدا کۆشک و خانووی نایابی هەیە.

***

ئینجا چووین بۆ گەڕان. هەموو ناودێ و بەشێکی گەورەیش لە باخەکان گەڕاین. خانووەکانی تەوێڵە یەجگار ڕێکوپێک کرابوون. لەم (٦٠٠) ماڵەدا تا نزیکەی (٥٠) خانوو سێ نهۆمی تیایە.

خانووی (قادر بەگی جافرسان) نموونەیەکی کار ڕەنگینی و زیرەکی وەستا و خانەخوێکانی تەوێڵەیە. خانوویەکە سێ نهۆم، پڕە لە ئاڵەتکاری. پەنجەرەدارە. پڕە لە ئاوێنەکاری. مینا بەندیش کراوە. پیاو بەڕاستی کە بەراوردی لادێییەکانی شارباژێڕ و هەورامان ئەکات سەری سوڕئەمێنێ. ئەم خانووانە لە شاریشدا کەم وێنەیان هەیە. زۆریان بەبەردی ڕەنگاوڕەنگی شاخەکە، بەوشکە کەڵەک دروست کراون.

قەیسەرییەک، سێ چوار چایخانە، چەند دووکانێکی تر، دوو سێ سەرشۆرک، (حمام)، خانەقایەک و، دوو مزگەوتی زۆر نایابی تیابوو. کەڵاش دوور و، چەقۆگەر، ئاسنگەر، دارتاشی یەجگار هونەرمەند، لە تەوێڵەدا هەبوون. ڕەنگە نزیکەی (١٥) مەکینەی بەرگ دوورینم تیا ژماردبێ. (تەوێڵە)، زۆر گەورەیە. خانووەکانی لە کەمەری شاخەکەوە، هەتا دامێنی بەپلە، پلە، هاتوونەتە خوارەوە.

چاوئەندازێکی جوانی هەیە. بەڵام تا بڵێی کۆڵانەکانی چەپەڵ و پۆخڵن. هەڵی ئەگرت (قائمقام نوشین) بوایە. چونکە لە هەڵەبجە گەورەتر بوو. کەڵاشی قۆندەرە ئاسا، پۆتینی دەزووی نایاب، چەقۆی یەجگار ناسک و جوان، داردەستی زۆر ڕەنگین، کەوچک و شەکردانی چاک، لە (تەویڵە) دروست ئەکرێن. خوا زیرەکییەکی گەورەی پێ بەخشیون. لەگەڵ ئەو ئاوە سازگار و بایە خۆشەدا، لەشێکی سووک و بەکاریشی داونێ. (تەویڵەیی) جگە لەم هەموو باخ و باخاتە، بۆ بێستان و باخ کردن، لە ژوور ئاواییەوە، تا نزیک لوتکەی شاخە سەختە سەرەولێژەکە، هەموو ڕۆژ هەتا ئێوارێ خەریک ئەبن، لەوێوە بەروبووم بەو ڕێگا سەختەدا ساتە ڕێیەک بەکۆڵ ئەهێننە خوارەوە. ئەمەیش کارێکە کە ئێمە بۆ ڕابواردنیش کەممان هەیە، بوێرێ بۆی بچێ!... لە هاوینا هەموو خاوەن باخەکان لە بەیانییەوە دێنە ناو باخەکانیانەوە. لە کەپر و قۆختەدا دائەنیشن، خەریکی باخەکانیان ئەبن تا ئێوارێ. ژن و پیاوی تەویڵەیی جوانییەکی خواکردیان هەیە. ئافرەتیان زۆر سەربەستە. هەموویشیان زمانی کوردی ئێمە ئەزانن.

لە تەویڵە چوومە مزگەوتێکەوە. سێ نهۆم بوو. لە خوارەوە دوو ئەستێرکی ڕێکی ئاو ڕوونی هەبوو. بەپلیکانەیەکدا کە هەردوو تەنشتی بەتەختەی گوێز گیرابوو، سەرکەوتمە سەرەوە. ناو ژوورەکەیشی بەتەختە گوێز داپۆشرابوو. لە دیوارێکیدا هەر بەتەختە گوێز، چوار، پێنج (نووسراودان) کرابوو. دیسانەوە بەپلیکانەیەکی تەختە گوێز تەنراودا سەر کەوتمە سەر نهۆمی سێیەم. لەوێوە چاوئەندازێکی زۆر جوانی تەوێڵە، بەخۆی و باخ و باخاتیەوە دیاربوو. (تەویڵەیی) لە بەرگدا خۆیان پۆشتە و پاک و خاوێن ڕائەگرن هەر کەڵاش دوورەکان پۆخڵن. زۆریان باڵا بەرز و شەنگ و شۆخن.

لە تەویڵەدا، چونکە کەوتۆتە ناو دۆڵی دوو شاخی بەرزەوە ڕۆژ کەم ئەمێنێتەوە. بەیانیان ساتی یەکە، -لە هاویندا- ئینجا هەتاوی لێ ئەدا. ئێوارانیش لە پێش بانگی شێواندا بەدوو سات ڕۆژئاوا ئەبێ. لە (تەویڵە)دا جگە لە (حوجرە)، خوێندنگایەکی چوار پۆلیش هەبوو. ئێوارە لەسەر ئەستێرک و سوڕکەکە پشوویەکماندا. ساتی یانزەهەم و نیو، سەیدە بەخرۆشەکە هات بەشوێنماندا بۆ نان خواردن. نانی ئەو جارەمان باشتر بوو: «دۆ و، نان و، یاپراخ و، قوبولّی و، شفتە بوو».

لەوەتی «شێخ حسامەدین» لەگەڵ ڕێگرەکاندا ناڕێک بووبوو، لە زووەوە نانیان ئەدا بەمیوان. شەوێ، هەرچەندە لە ترسی تەقەبوو، بەڵام بەناوی سەرماوە لە ژوورەوە نواندیانین!، بەڵام مێشوولە و وردە گەرما نەیهێشت تا ساتی پێنجەم بنووم. بیرم لە هەزار شت ئەکردەوە. شەپۆلی ئەندێشە هێنامیە سەر بیری چاپکردنی دووەم چیرۆک لەو هەشت چیرۆکانەی کە لە عەرەبییەوە بۆ منداڵانی کوردم کردبوو بەکوردی[1]. ئەو ژمارەی دووەمەیان بۆ دەستەی کچان ئەشیا. لەبەر ئەوە هەر لەو ژوورە گەرمەدا بەبیر ئەم هەڵبەستەی خوارەوەم بۆ بەشی پێشکەشی چیرۆکەکە دانا:

بۆ دەستەی کچان، دایکانی دوا ڕۆژ:
کە پێگەیێنن چرۆی هیوامان،

(١) هەر هەشت چیرۆکەکە، بەناوی (چیرۆک بۆ منداڵان)ەوە لە ساڵی ١٩٣٥دا، لە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە و نایابدا، لەلایەن میرییەوە چاپ کرا. تا منداڵانی کورد، هی پۆلی دووەمی سەرەتایی بیخوێنن. (ش. ف)

بەکردەوەی جوان بەکاری ڕەنگین
ئاوا کەنەوە خاکی کوردستان،
ئەم چیرۆکانەم ئەوا پێشکەش کرد

بەیانی زوو یەکێک بەلاماندا وییزەی کرد. گوتی: «ئای قوڕم بەسەر. ئیسلامەتی نەماوە. خۆ وا سات (٩)یە کەچی هێشتا لەخەو هەڵنەستاون!». منیش وەنەبێ نوێژکەر نەبووبم. بەڵام جارێ زۆری مابوو بۆ نوێژ. لەبەر خۆمەوە وتم: «ئەگەر هەڵیشسم، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ساتێک لە پێشەوە هەڵساوم، هێشتا هەر دەروێش گلەیی ئەکات. کەواتە هەڵناسم!...». لەمەدا بووم خەوم لێ کەوتەوە. لە ساتی دەهەمدا خەبەریان کردمەوە. نوێژم کرد و چاشم خواردەوە.

***

سەیید چونکە خۆی ئێستری دەست نەکەوتبوو، سواری ببێ، ئەیگوت: «ڕۆیشتن بەپێ بێ باشترە !». دوایی تەفرەی داین، کە ئێمەش هەر بەپێ بڕۆین!... نزیکەی سێ چارەکە ساتێک بەبن ئەو دارە گەورانەدا ڕۆیشتین، ئینجا گەیشتینە «ئاوێ سەر». هەر سەرووی باخەکانی (تەوێڵە)، لەم لاوە، (ئاوێ سەر)ە. جێگایەکی تەختانی بوو. داری گەورە، گەورە، سەری داپۆشی بوو. لە سێ لاوە کانیاوی سازگار هەڵئەقولّا. تاقە خانوویەکی هاوینە -قۆختە-ی شێخی لێ بوو. کە ئەوەیش هی پیاوە باخەوانەکەی بوو. سەد هەنگاوێک بەرەو ژوورتر، سنووری (ئێران) بوو. قولەی ئێرانییەکان بەسەر شاخەکەوە بوو. بەدەستە چەپیشەوە، لە شاخەکەی ئەملادا، قولەی عێراقی پێوە بوو. «هەر دوو لا کوردستان بوو. بەڵام بەسایەی بێگانەوە بەش کرابوون!؟...» ئێرە سەیرانگای نیشتەنییەکانی (تەوێڵە) بوو. چایخانەیەکی لێ بوو. کاشکی جێگاکەی وا پەست نەبووایە، پۆل، پۆڵ، ڕوو ئەکەنە ئێرە. ئافەرین بۆ سەیید!... هەتا چا پێگەیشت کولێرە بەڕۆن و نانی هەورامی و کەرەی بۆ پەیدا کردین. سەیر ئەوەیە، لەوە پێش بەسات و نیوێک چاییمان خواردبووەوە.

سەیید کوڕێکی قسە خۆش و بەخرۆش، بزێو و بەجۆش و چاک دەرچوو !. لەوێ بەکەوا و سەڵتەی ئێمە و خەنجەر و دەمانچەکەمانەوە وەکو «پەپوسلێمانکە» بەسەر دارێکەوە نیشتەوە. منیش «وێنەیەکم» کێشا. پاشە جار پێم گوت: «پیاوی چاک بە. ڕیشەکەت قەڵەم بکردایە، ئینجا وێنەی خۆت بگرتایە !». گوتی: «ڕیشەکەم هی خۆم نییە، هی شێخە، لەبەر ئەوە ناتوانم دەستی لێ بدەم !»... سەرت نەیەشێنم، سەیید لە (لا الە الا اللە) و (فەرموودەی قورئان)ەوە، کەوتە گۆرانی وتن و سەماکردن و، چاو و برۆ -لە خانەقادا- داگرتن !...

***

دووان لە جەنگاوەرەکانی (عەجەم) هاتنە خوارێ، چایان خواردەوە. بەرگەکانیان یەجگار شڕ و چڵکن و پڵکن بوون. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە کورد بوون، لە هی بێگانەکان وریاتر و چالاکتر بوون!.

***

پاشان بەڕێگەیەکیکەدا، کە هەموو تەوێڵە و باخەکانی، بەبەرزەوە، لێوە دیار بوو، هاتینەوە ماڵی شێخ.

پاش نیوەڕۆ، هەندێکی تر قسەمان لەگەڵ (شێخ حسامەدین)دا کرد. پرسی: «ئایا باوکم فەرمانبەری میرییە یان نا ؟» پێیان گوت: «بۆ خۆی کار ئەکات». شێخ قسەکەی یەکجار لا خۆش بوو. ئەیگوت: «بەخوا چاک ئەکات. ئازادی خۆشترە!». وەک ئەیان گێڕایەوە:

«حەلی خۆی کە ئینگلیزەکان بە(شێخ حسامەدین)یان گوتووە (٣٠٠) ڕوپیە مانگانەی بۆ ببڕنەوە، گوتوویەتی: «بەڵکو سبەی دووسبەیەک (تورک) یان (عەجەم) ئێرەیان داگیر کردەوە، ئەوسا ناڵێن نانخۆری خوا نەناسێ بوویت؟!» دیسانەوە وتبووی: «ئیمڕۆ مووچەکە نەبڕن، ڕۆژێک دێ کە بیبڕن. خەفەتی ئەوسایش لە خۆشی ئێستا زۆرتر ئەبێ. کەواتە بەلێفەی خۆم ئەنووم!...».

«کەچی (شێخ عەلائەدین) مووچەی وەرگرتبوو. ئێستەش بەناوی تەرخانگاه (ئەوقاف)ەوە وەری ئەگرێ!.» لەو حەلەوە کە قسەمان ئەکرد، ئەوەم بیرکەوتەوە، کە بەقسەی هەندێک دەروێشەکانی، شێخ وتبووی: «چەند جارێک وێنەی منیان گرتووە، دەرنەچووە!. هەرگیز وێنەی من ناگیرێ!». منیش بەشیرینییەکەوە پێم گوت: «نافەرموون وێنەیەکتان بگرم؟!»... ئەوساکە شێخ پێی زانی کە من (شاگرد)ێکی (خوێندگا)م. ئیتر وەک بیەوێ دڵی شاگردێکی خوانەناس –خۆیان ئەڵێن– کێش بکات، بەو لەشە گرانەیەوە، گورج ڕاست بووەوە و (عەگالێکی ئاوریشمی سپی)ی کردە سەری و فەرمووی: «چۆن ئەڵێی وا ئەکەم. ئارەزوو ئەکەی دێمە بەر هەتاو. دێمە بەر باخ. حەز ئەکەی هەڵئەپەڕم؟». شێخ پیاوێکی گەورە بوو. ئەیزانی چۆن دڵی لاوێکی وەک من خۆش بکات. بەسەڵتەیەکی سەوز و کەوایەکی شیرداخی سوورەوە، بەو عەگالە سپی و چاوە ڕێژراوانەیەوە، لەبەر هەتاوەکە ڕاوەستا تا وێنەم گرت. پاشان دەستمان ماچ کرد و ماڵئاواییمان لێ کرد. لەگەڵ یەکێکدا ناردینیەوە «هانە نەوتی».[١]

بیارە ١٩٣٣/٨/٢٣

ئەوشەوە لە «هانە نەوتی» بووین. بۆ بەیانی نزیکەی ساتە ڕێیەک بەناو باخەکانی شێخدا بەژێر سێبەری داری گوێز و توو و کەڵەمێو و شاتوودا ڕۆیشتین تا گەیشتینە «بیارە». (شێخ عەلائەدین)یش لێرە خانەقایەکی گەورەی هەیە. بەڵام ئەو وێنە شیرینەی خانەقاکەی تەوێڵەی نییە. لەسەر بانی خانەقاکەوە گۆڕی (شێخ عومەر زیائەدین)ی باوکی شێخ عەلائەدینی لێیە. ئەڵێن تووکی ڕیشی پێغەمبەریشی بۆ هێنراوە! پەنجا ماڵێکە. بەڵام بەباخ و باخات و تەنراوە. بەو چەماوەی کە بەناویدا ئەڕوا، لەگەڵ ئاوی ئەو تاڤگەیە کە ئاشەکەی شێخ ئەگێڕێ، لەگەڵ ئەو کێو و کەژە ڕەنگینەدا، چاوئەندازێکی یەجگار ناوازەی هەیە. بیارە یەک دوو شۆڕەبیم تیا دی، باڵابەرز بوون. لقەکانی وا شۆڕ

(١) کە لە ساڵی ١٩٤٠دا بووم بەکارگێڕی لادێی خورماڵ، بۆ (کەڵکی گشتی) یارمەتیم زۆر لە خوالێخۆشبوو، (شێخ حسامەدین)ەوە دی، کە تا ئەمێنم چاکەیم لەبەر چاوە و بەدڵ سوپاسی ئەکەم.

بووبوونەوە ئەتگوت پرچی کچێکن کە لە گەرمەی دڵداریدا بێ. بەڕاستی جوانترین دارێک بوو کە لە (هەورامان)دا دیبووم. بیارە لە هەموو دێهاتەکانی تر جوانترم هاتە پێش چاو. لادێییەکان چایخانەیەکیان لەسەر ئەو چەمە لەناو جوانترین جێگای (بیارە)دا کردبووەوە. تەخت و کورسی یەجگار نایابیان تیا دانابوو. لادێییەکانیشی وەک هی ئەولا ڕێکوپێک بوون. قەیسەرییەک و چەند دووکانێکی تریشی تیایە. پاشان لەگەڵ (شێخ محەمەد)دا سەرکەوتینە سەر سەربانی ئاشێک. یەجگار تەخت و پان و پاک و ڕێک بوو. دوو داری گەورەی نارەوەن و گوێز بەسێبەرەکانیان جێگاکەیان داپۆشیبوو. ئاوێکی خوڕی ڕوونی ساردیش لە شاخەکەوە لە سەرەوە ئەکەوتە خوارەوە، هاژەی ئەکرد. بەناو جۆگەلەیەکی پانی ڕاستی، قەراغ خشتا ناوەڕاستی سەربانی ئاشەکەی ئەبڕی و ئەچووە ناو تەندوورەکەیەوە. بەرامبەر بەم تاڤگە دەنگ خۆشە، ئێمە لەسەر تەختێکی یەجگار باش دانیشتبووین. لەناو لقی دارەکانەوە، ئەو تیشکە زیوینەی کە پڕیشکی ئاوەکە ئەیدایەوە بەڕووی دارەکاندا، لەگەڵ ئەو تیشکە زێڕینەی کە لەم لامانەوە ڕۆژ لە ڕووکەشی باخەکان و ماڵەکانی بیارەی ئەدا، ئەیدا لە چاومان، لەش و هۆشی وا ئەبووژاندینەوە، زمانی وا ئەکردینەوە، ئەو قسانەی ئەمان کرد و گوێمان لێی ئەبوو، بەچەشنی ئەو چاوئەندازە دڵگیر و ناوازە و ڕازاوەیە دەرچوون. هەندێک چووینە ناو باخەکانەوە. پاشان کە هاتینەوە، (شێخ عەلائەدین) و کوڕەکانی و بەردەستەکانی لەگەڵ (شێخ محەمەد)دا لەوێ دانیشتبوون. چاییان لێ دەم کردبوو. دەستی شێخمان ماچ کرد. زۆر بەفیزەوە خۆی نواند. سەربازێکی عەرەب، سێ جار دەستی ماچ کرد. نازانم بۆچی هاتبوو؟... دووانی کەی عەجەمیش، کە سنوورەکانیان سەد هەنگاوێک بەو لاوە بوو، هاتبوون.

شێخ پاڕانەوە نامە، یاخود نوشتەی بۆ ئەنووسین. پاشان شێخ بەرە بەرە زمانی خۆی کردەوە. وەکو هاودەمێکی دە دوازدەساڵەیی ئەیدواندین. شێخ و کوڕەکانی شێوەیەکی زۆر جوانیان هەبوو. هەموو مێزەری سپی و سەڵتە و کەوایان لەبەردابوو. یەجگار بەسەزمان و ڕووخۆش بوون. شێخ، لە دەرەوەی (بیارە)، بەزۆرزان و دوو دەنگیان دائەنا. بەڵام وەک بۆم دەرکەوت پیاوێکی هێمن و بێ وەی و ساکار بوو. دەم و چاوە پاکەکەی بەڵگە بوو بۆ ئەوەی کە لە فڕوفێڵەوە زۆر دوور بوو. باسی هاودەمی خۆی و (خونکار فیصلی یەکەم)ی بۆ ئەکردین. کە شێخ ئەچێتە (بەغدا)، هەموو جارێ (خونکار) ڕووخۆشی لەگەڵیدا ئەنوێنێ و شانی ماچ ئەکات. گوایا جارێک نەخۆش ئەکەوێ، شێخ ناوی چەند دەرمانێکی بۆ ئەنووسێ، بەکاری بێنێ. (فیصل)یش –بەو هەموو خوێندەواری و زۆرزانییەوە کە هەیبوو– گوێی نەداوەتە پزیشکە باشەکانی (بەغدا). بەقسەی ئەمی کردووە و چاک بۆتەوە!!.

بەڵێ، شێخ، بەسایەی خوێندەوارییەکەیەوە، گەلێ شتی پزیشکایەتی فێر بووە. بەڵام لە شتی دەرەوە نەبێ لە شتی ناوەوەی لەش هیچ نازانێ. ئەو بۆ لادێییەکان باشە کە باوەڕی زۆریان بەشێخ خۆیەتی، نەک، بەدەرمانەکە خۆی!. ئەی گوت: «داوام لە فەرمانڕەوایی ئێران کردووە هەزار تمەنم بداتێ، دەرمانێ دروست بکەم، بەسواری فڕۆکەوە بەناو لەشکری گاوردا –مەبەستی ڕووسەکانی شەڕی گەورەی یەکەم بوو– بڵاوی بکەمەوە، هەموویان بکوژم. بەڵام بەقسەیان نەکردووم!».

پاشان قسە هاتە سەر گوڵت و درەخت. وا دیاربوو شێخ بۆ ئەوانە زۆر بەپەرۆشەوە بوو. چونکە هەواڵی زۆر ئەپرسین. دیسانەوە هاتەوە سەر قسە شێخانەکانی خۆی: «ئەڵێن لە هیندستان دارێک هەیە... لەپێش دەرچوونیدا. لە زەوی، گرمەیەک ئەکات. هەرچی لەم لاو لەو لایەوەن تا ساتە ڕێیەک ئاگادار ئەبنەوە. تا ئەگەنە ئەوێ، لە خواوە، دارەکە بیست گەز بەرز بۆتەوە، گەڵای کردووە، لادێییەکان دەست ئەکەن بەبڕینەوەی. خوا ئەم گرمەیەی بۆیە داوەتێ، کە لادێییەکان بزانن ئەو دارەیە، لە ڕواندن و گەشەکردندایە!». منیش گوتم: «وەک لە ڕۆژنامەیەکدا خوێندوومەتەوە، ئەڵێن دارێک لە ئەفریکا هەیە، هەموو ساڵێ پیاوی پیر و پەککەوتوو، یاخود بێ فەڕی بۆ ئەبەن، ئەیخەنە ناو کلۆرەکەیەوە، دارەکە دێتەوە یەک. خوێنی کابراکە ئەمژێ. پاشان یەکاڵا ئەبێتەوە، ئێسکەکانی نێچیرەکەی فڕێ ئەداتە دەرەوە!...». شێخ کە وام گوت، سەری سوڕما. هینەکەی خۆی لە بیر چووەوە!...

***

پاشان زۆر گیان سووک خۆی پیشان دا. کوڕەکانیشی وەک خۆی وا بوون. کوڕەکانی بەکوردی هەردوولا و بەعەرەبی و فارسی باش قسە ئەکەن و ئەنووسن. لام وایە شێخ لە تورکیش تێ ئەگەیشت. جگە لەمە کوڕێکی هەبوو، ناوی (شێخ خالید) بوو. ددان سازێکی زۆر چاک بوو. گەلێک ددانی بۆ ئەم و ئەو دروست کردبوو، یەجگار ڕێکوپێک دەرچووبوون.

شێخ خۆیشی تۆزێ، پزیشکایەتی ئەزانی. منیش هەروەها بیرم لە کردەوەکانی (شێخ) ئەکردەوە. لە پڕ (شێخ محەمەد) بەچۆکدا هات و سەری نایە بناگوێی شێخ عەلائەدینەوە. لە دواییدا (شێخ محەمەد) بۆی گێڕامەوە، گوتی. شێخ عەلائەدین لێی پرسیم:

«بیستوومە کە باوکت -شێخ حسامەدین- زانیویەتی من تەلگرافێکم لێ داوە بۆ فەرمانڕەوایی (بەغدا)، کە بە دە هەزار سوارەوە ئامادەم بۆ کوشتنی ئاسوورییەکان. گوتی: شێخ عەلائەدین (....)ە. ئایا ڕاستە باوکت وای پێ گوتووم؟!...». (شێخ محەمەد) گوتی منیش وەرامم دایەوە، گوتم:

«باوکم دەمێکە ئەم قسە (....)انە ئەکات...» (شێخ محەمەد پلارێکی زۆر زانانەی تێ گرتبوو. واتا باوکم لە دەمێکەوە ئەزانێ کە تۆ (....)ی!؟.

***

سەماوەرێکی وەرشاوی جوان دەم کرابوو. لەسەر سینیچکەی وەرشاو چەند پیاڵەیەک چای جوانیان بۆ هێناین. پاشان لەسەر قالیچەیەک هەموومان دانیشتین، دەستمان کرد بەنانخواردن. نانەکە: «نانی هەورامی و ماستاو و پلاو و ئاو و گۆشت و کەباب و ترێ» بوو.

پاش نانخواردن، باسی کەشکۆڵ و نووسراوانی کوردیم هێنایە گۆڕێوە. یەکێ لە مەلاکان نووسراوێکی هەڵبەستی خۆی هێنا کە بریتی بوو لە (ئایین نامە)یەک. شێخ و کوڕەکانی گەلێک پەسندیان کرد. کابرا نیازی هەبوو چاپی بکات. منیش بەڵێنم دایە کە یاریدەی بدەم. (شێخ خالیدی کوڕی عەلائەدین) گوتی: «لە سنە، (شێخ محەمەدی ئایەتوڵڵا) فەرهەنگێکی کوردی داناوە. زۆر نایابە. بەزمانێکی تریش لێکی



خوالێخۆشبوو شێخ عەلائەدین

داوەتەوە». ئیتر دەستی (شێخ عەلائەدین)مان ماچ کرد و لەوەدا بووین بڕۆین، پرسی: «ئایا لە سلێمانی مامۆستای ئینگلیز هەیە. ئایینی گاور بڵاو بکاتەوە؟... چونکە ئەم کچەزایەم لە ئێرانەوە هاتووە. ئەمەوێ بینێرمە خوێندنگایەکی ئەوێ!...» ئێمەش گوتمان: «نەء» ئینجا ئەویش وای نواند کە بینێرێ. جا نازانم ئەم پرسەی لەبەر ئەوەبوو کە مێشکمان سڕ بکات، یاخود بەڕاستی بوو؟!.

باخەکۆن ١٩٣٣/٨/٢٤

لە چەمی (بیارە)دا، لای (کەریم ئەفەندی) ناو، کارگێڕی لادێی خورماڵ، لە بن دار گوێزەکاندا، لەم بەر و لەو بەری جۆگایەکی ئاو بلووریندا، دانیشتین. دەستمان کرد بەقسەی خۆش و نان و چا خواردن. لە پڕ شەستە بارانێک باری. بەجارێ هەموومان، لە کاری خوا سەرمان سوڕما. چونکە کەشی باران نەبوو. سەیر ئەوەبوو دڵۆپێک بارانمان لێ نەکەوت، لەبەر پڕی و چڕی گەڵای دار گوێزەکان!...

سواربووین. کزەبایەکی یەجگار فێنک لەناو لقی دارەکانەوە شنەی ئەکرد. بەناو دارا ڕۆیشتین، تا گەیشتینە بەر «چەمی هەناران». لێرە ئاوێکی زۆر، بەپانی لەسەرەوە ئەکەوتە خوارەوە، تاڤگەیەکی زۆر جوانی هێنابووە بوون. ئیتر گەرما دەستی پێ کردەوە. بەلای دێیەکی ئاوەدانی پڕ لە باخ و باخاتی جواندا تێپەڕین. (نارنجەلێ)یان پێ ئەگوت. ئیتر دەمەو ئێوارێ بوو. لە دوورەوە (باخەکۆن)مان دی. چارەکێک دوور لە دێوە شەقامێکی یەجگار ڕێکوپێک هەبوو. جێ، جێ، ئەمبەر و ئەوبەری، دار توو و دار چناری بەڕیز لێ ڕوێنرابوو، ئەیبردینە دێیەکەوە. دێیەکە، (باخەکۆن)، لەناو قەدی شاخەکەدا هەڵکەوتووە. لەبەر دەمیەوە باخەکانی دەست پێ ئەکەن. ئینجا دەشتێکی کاکی بەکاکی خواروویان پڕ ئەکاتەوە. (باخەکۆن) چەند خانوویەکی دوو نهۆمی و سێ نهۆمی گەورە و بڵندی ڕێکوپێکی تیابوو. بەردی سەوز و سووری

شاخەکە یەجگار چاوئەندازێکی جوان و پاک و خاوێنی دابوویە. لەسەرە ڕێگادا چەند دووکان و چایخانەیەکی یەک نهۆم بەسەر گردێکی نزمەوە دروست کرابوون. ئینجا گەیشتینە سەر ئەستێرک و جێ دەستنوێژ و خانەقای (شێخ حسامەدین). ئینجا ڕێگاکە هێنایینیە سەر میوانخانەیەکی زۆر گەورە کە بەپلیکانەیەکی سەکۆ ئاسا بەرەبەرە دێتە خوارەوە.

لە سەرێ سوڕک و ئەستێرکێکی جوانی بەئەندازەی ڕێکوپێک لەبەرد دروست کرابوو. لەبەر دەمیشیەوە سەکۆیەکی تەلەبەردی بەخشت و خاڵ دروست کرابوو. بەسەر ئەم تەکیەیە سێبەرێکی گەڵا بەکەپر کرابوو. خرابووە سەر دوو دیواری بەرامبەر. لە هەردووکیاندا دەرگایەک لە شێوەی تاقدا کرابووەوە. کە لە سێبەرەکە تێپەڕ بوویت، لە هەر لایەکەوە ئەڕۆیشتیت ئەچوویتە سەر تەختە بەندێک، ئینجا پلیکانەیەکی وشکە کەڵەک ئەیبردیتە خوارەوە بۆ سەر ئاوێک کە لە ژێر ئەم کۆشکی دانیشتنەوە گڤەی ئەکرد و لەژێر سێبەری چەند دارێکی شۆڕەبی و زەیتووندا ئەیوەستاندیت.

بەتەنشت ئەو کۆشکی میوانانەوە کۆشکی ماڵی شێخ دروست کرابوو. ئەمیش سێ نهۆم بوو. بەهەیوان و ژوور و پەنجەرە و دەرگای جوان جوان ڕازێنرابووەوە. لەبەر دەمیشیا ئەستێرکێکی (١٥) گەز پانی و (٣٠) گەز درێژی و (٤) گەز قوولی هەبوو. ئەم ئاوە تا دە ساتێک بەشی گێڕانی ئاشێک و هەموو باخەکانی (باخەکۆن)ی ئەکرد. لە سەربانی ئەم کۆشکەوە، یاخود ئەوانی ترەوە چاوئەندازی هەموو خانوو و باخاتی (باخەکۆن) و دەشتی شارەزوورت لێوە دیاربوو. چەند هەنگاوێک لە دەستە ڕاستی ئەم کۆشکەوە لە بن چەند دارێکدا، ئاوێک لە شاخەکەوە دەهاتە دەرەوە. ئەستێرکێکی خڕی جوان لەبەر دەمیا دروست کرابوو. بەچوار لای ئەم ئەستێرکەدا کەمەرەیەکی ڕێکوپێکی ئاوی تریش هەبوو. لەمەوە بەڕاست و بەچەپ و بەخوارووەدا بەجۆگەلەی زۆر ڕێکوپێکدا ئاو ئەڕۆیشتە ناو باخەکەوە. لە چوار لای ئەستێرکەکەوە کەڵەکێکی خنجیلانە یاخود (سەکۆیەکی بەرد) هەبوو. ئەم ئەستێرکە دوو ماسی سوور و ڕەش بۆری گەورە و چەند ماسییەکی وردی تری تیابوو.

ئەمانە هەموو نیشانەی دڵتەڕی (شێخ حسامەدین) بوون. ئەمانە هی شێخ بوون. بەکۆڵی دەروێش و ڕەنجی شانیان دروستی کردبوون. شێخ نەی ئەهێشت مەڕ و ماڵات لە باخەکۆندا ڕابگیرێ. نەوەک شەقامەکە بەپاک و پوختەیی نەمێنێتەوە.

ئەم باخاتە هەنجیر، هەنار، گوێز، شاتوو، زەیتوون و فستقیان تیابوو. ترێ و تووێشی زۆر بوو. ئەمە هەمووی هی شێخ بوو. هاوینان لێرە دائەنیشت.

پشت شاخەکە بەودیوەدا هی ئێران بوو. ئەم خانووانە سی ساڵێک لەمەوپێش کرابوون. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوەندە پاک و خاوێن ڕاگیرابوون، پیاو لە دوورەوە وای ئەزانی، هەمووی سێ، چوار مانگێکە دروست کرابوون. (باخەکۆن) خۆشترین و پێشکەوتووترین و جوانترینی دێیەکانی هەورامان بوو. بەڕاستی ئەو پاک و خاوێنی و دروستییەی لەوێدا دیمن لە شاری (سلێمانی)یش نەم دیبوون.

لەگەڵ ئەفراسیاب بەگدا

(شێخ محەمەد) هات پێی گوتین: «تکا ئەکەم ئەگەر حەز بەبینینی (ئەفراسیاب بەگ) ئەکەن فەرموون ببینین، بەڵام بۆ کەسی مەگێڕنەوە». تومەز، ئەفراسیاب بەگ، ئەو ڕۆژە زانیبووی ئێمە دێینە (باخەکۆن). بۆ (شێخ محەمەد)ی نووسیبوو، کە ئیمشەو دێمە لات. وەکو (شێخ محەمەد)، خۆی ئەیگوت، ئەفراسیاب بەگ، بەسایەی پیاوەکانیەوە ئەزانێ من لە کوێم، ئەگەر بۆی هەڵکەوت، دێت، پێکەوە ڕائەبوێرین. لەگەڵ پێنج پیاویدا، بانگی شێوان لەسەر بانەکە وەستابوون. کە لە نوێژ بوومەوە، چووم ماندوو نەبوونیم کرد. پێم گوت: «بەندە زۆر سەربەرزم کە ئەم ئێوارەیە، بەکامی دڵی خۆم گەیشتم. بەسایەی (شێخ محەمەد)ەوە ئێوەم بینی. بەهەموو کوڵی دڵمەوە لە خوا ئەپاڕێمەوە کە لە پێناوی کوردایەتیدا سەرتان بخات». ئەویش بەگەرمێکەوە دەستی گوشیم بەڕوویەکی یەجگار خۆشەوە، پێی گوتم:

«سوپاستان ئەکەم. من شەرمەزاری پیاوەتی هەموو شاگردێکی سلێمانیم. ئەشێ هەموومان بۆ نیشتمان خۆما بکوژین. مردن بەئازادی خۆشترە لە ژینی نامەردی!»».

(ئەفراسیاب بەگ) پیاوێکی چوارشانەی کەڵەگەت بوو. ئێسقان ئەستوورێکی گەنم ڕەنگی موو خورمایی بوو. دوو چاوی گەش، دەنگێکی نەرمی دلێرانەی پێوەبوو. لە چرچی دەموچاو و دانیشتن و هەستانیەوە وا دیاربوو، کە پیاوێکی ئازا و سەربەرز و خاوەن کاری گەورەبوو. مشکی و جامانەیەکی سلێمانی پێچابوو، ڕانکوچۆغەیەکی ساکاری سپی، کەڵاشێکی نایابی هەورامان، چەند ڕیزێک فیشەک

خوالێخۆشبوو ئەفراسیاب بەگی ڕۆستەم سولتان

و خەنجەرێک و دەمانچەیەک و دووربینێک و کاتژمێر (سەعات)ێکی پێوەبوو. بەمانە و خۆیەوە، (ئەفراسیاب بەگ)، سامێکی بێ ئەندازەی پەیدا کردبوو.

من تۆزێک کوڕەکانیم ئەناسی. چونکە بەدڵمدا چووبوو، ئەمویست بیدوێنم. خۆم، وەک دۆستێکی کوڕەکانی پیشان دا. ئەویش زۆر سوپاسی کردم و گوتی: «پێیان بڵێ خەفەت نەخۆن. هەموو شتێکیان بۆ پەیدا ئەکەم. ئەوا قۆختەم بۆ کردوون!».

پاش نانخواردن پێم گوت: «خوا ئاگادارە هێندە لام پەسەندن، ئەگەر خوێندنم نەبوایە و بۆم بکرایە، دەستم ئەدایە تفەنگ و ئەهاتم و ئەبووم بەجەنگاوەرێک و لەگەڵ تۆدا خەباتم ئەکرد. بەڵام هەرچی فەرمانێکتان هەبێ لە شار، لە بەغدا، لە هەر کوێیەک بێ، بەسەر سەر بەجێی دێنم». دیسانەوە گەلێ سوپاسی کرد و گوتی: «من هەر سەرکەوتنی ئێوەم ئەوێ».

ئینجا پێم گوت: «هەرچەندە من ڕایەی ئەوەم ناکەوێ ئامۆژگاری یەکێکی وەکو ئێوە بکەم. بەڵام پیاو نابێ لە دوژمنی خۆی دڵنیابێ. ئیمڕۆ شەڕی ئاسووری لە ناودایە. بۆیە لێت بووراون و، ئەیانەوێ ئاشتت بکەنەوە. تکا ئەکەم کوشتاری سەرکۆمارەکانی (شکاک) لە ئێراندا بهێنەرەوە پێش چاوی خۆت!».

ئەویش گوتی: «من خۆم چاکی تێ گەیشتووم. من لە پێناوی خاکەکەمدا بشکوژرێم پێم خۆشە. بەڵام ئاخ!. کاشکی هەر لەناو ئەم شاخانەدا بکوژرامایە!» کابرا هێندە پیاوی بەناو ئەو ناوچەیەدا بڵاو کردبووەوە هەموو هەواڵێکی ئەزانی. وتیان: «عەجەم بەدوانزە هەزار کەسەوە هەزار ماڵی جافی لە ئێراندا گل دابووەوە» (ئەفراسیاب بەگ)یش گوتی: «برا ئەمە فرە قوولە. بەخوا بۆ ئێمە سەد کەس بن و هەزار کەس بن وەک یەکە، هەتا خۆمان ئارەزوو نەکەین تەقە نابێ!».

ئیتر گورج دەستی گوشین و ڕۆیشت. پاشان (شێخ محەمەد) گوتی: «ئەمە ڕەوشتێتی. لە پڕ ئەڕوا، لە پێشەوە ناڵێ ئەڕۆم. یان ناڕۆم». وەک (شێخ محەمەد) ئەیگوت:

«ئازایی ئەم پیاوە بەتەرحێکە، بەڕۆژ کە بۆی هەڵبکەوێ، ناترسێ بیگرن، لە باخەکانی ئێرەدا لەگەڵیاندا ئەنیشێ. زۆر جاری وا هەیە ئەچێتە (بیارە)، سەری لە ماڵ و منداڵەکەی خۆی ئەدا. لە کاتی پشێویدا کە هەوڵیان بۆ گرتنی ئەدا، چەند مانگێک، بەخۆ گۆڕینەوە، لەناو کەرکووک و چەمچەماڵ و سلێمانی و هەڵەبجەدا ڕایبواردووە، کەس پێی نەزانیوە.

«ئەفراسیبا بەگ لە لەشکری دوژمن بەولاوە، زیانی بۆ هیچ کوردێک نەبووە. بەڵام ئەوانەی دوژمنین، ئەگەر لە سنە و هەڵەبجە و ئەم دێهاتانەیشدا بن جەریمەیان ئەکات و کەتنیشیان پێ ئەکات!؟.

هەموو ڕۆژێ بەئارەزووی خۆی چێشتی ڕەنگاوڕەنگی بۆ ئەکرێ. چونکە هەموو خواردەمەنییەک بەسایەی پیاوە بەکارەکانی خۆیەوە ئەتوانێ پەیدا بکات. هەروەها چێشتکەری تایبەتی خۆیشی هەیە، چێشتی بۆ لێ ئەنێ. ئەم وەکو (شێخ...) لادێیی ڕووت ناکاتەوە، پۆشتەیان ئەکاتەوە!.

ئێستا عەجەم بەخشیویەتی. عێراقیش چەند دێیەکی بۆ لاداوە کە بەدەست (ئەفراسیاب بەگ)ەوە بێت. داوای ئاشتبوونەوەیشی لێ ئەکات. بەڵام وەکو ئەڵێن: داوای (٣٠٠) تفەنگی پیاوەکانی لێ

ئەکات. منیش پێم گوتووە کە بە(عێراق) بڵێ پیاوەکانم ئێرانین، هەریەکە بەلایەکدا چوونەوە. هەر خۆم هەمە و کەسی تر». لە کاتی ڕۆییندا پێم گوت: «کاشکی تا بەیانی لێرە بوویتایە. وێنەیەکم ئەگرتیت». گوتی: «سوپاستان ئەکەم. خۆت ئەیزانیت کە چۆنم نابێ گلەیی بکەیت!». کەچی وەک بیستمەوە هەر لە (باخەکۆن)دا مابووەوە. لە خانەقاکەیدا نوستبوو!؟.

دوا قسە ١٩٣٣/٨/٢٥

ڕاستە ئەڵێن هەموو شتێ بەپێی خۆی. (هەڵەبجە) و (هەورامان)یش، بەئاو و بای سازگاریانەوە، بەچاوئەندازی جوانیانەوە، بەسێبەری بن داری گەورە گەورەی باخ و باختیانەوە، بەو کێوە بەرزە نەخشینە ڕەنگینانەیانەوە، دیارە ئەبێ پیاوی دڵتەڕ و، کیژ و لاوی بەفەڕ و، گەلێکی هێمن و دڵپاکی، پڕ لە لاوی خاوێن و چالاک و، پڕ لە دەوڵەمەند و تێگەیشتوو و پێگەیشتوویان تیا پەیدا ببێ. ئێستایش ئاخ ئەخۆم ئاوات ئەخوازم، کە جارێکی تریش لە بن کەڵە مێوەکانی (هانە نەوتی)دا، لە تەلارەکەی (ئەحمەد بەگی پاشا)دا، لە سەربانی ئاشەکەی (بیارە)دا، لە گوێ سوڕک و ئەستێرکەکەی (باخەکۆن) و (تەوێڵە)دا دانیشم. لەم ناوچەیەدا بەبینینی پیاوانی بلیمەت و زیرەک و زرنگ و ئازا و مەرد بەختیار بووم. لەگەڵ زۆریاندا دۆستایەتییەکی تەواوم گرت. لە زۆریانەوە ڕۆشنبیریم دەستکەوت. ئێستەیش یادی هاودەمی (مەسعود) و خوێندەوار دۆستی (حەمە سەعید بەگ) و، زرنگی (شێخ حسامەدین) و زۆرزانی و قسە نەستەقی و سەربەستی و زانایی (شێخ محەمەد) و ڕووخۆشی (شێخ عەلائەدین) و میوانداریبە بەنرخەکانیان ئەکەم و بیریان لێ ئەکەمەوە. بەڵێ بەم گەشتوگوزارە، چاوم گەشایەوە، لەشم بووژایەوە، سرەوت و ئارام کەوتنە دڵ و دەروونمەوە، هۆشیاربوومەوە. یاخوا هەر ئاوابێ خاکی دڵگیر و خاوەن پیاوان و پێشکەوتوو...

شاکر فەتاح
١٩٣٣/٨/٢٥

کە بوومە کارگێڕی لادێ پێم خۆش بوو!

لە پاش دەرچوونم لە (زانستگای ماف) بەسێ مانگ، فەرمانڕەوایی، ڕووی لێ ناوم ببم بە(کارگێڕی لادێ - مدیری ناحیە)ی مزووری لە (ئەترووش)دا. لە پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ گەلێک دۆست و نیشتمانپەروەراندا، فەرمانەکەم پڕ بەدڵ پەسەند کرد. لە ١٤/ ١٠/ ١٩٣٦دا چوومە (ئەترووش)کە ئەوساکە سەر بەناحیە (قضا)ی (دهۆک) بوو، لە (لواء)ی (موصل)دا. جا بەمە تافی کوڕێنیم بڕایەوە.

خەباتی ڕۆشنبیریم لە تافی کوڕێنیمدا[١]

لەم تافی کوڕێنییەمدا، خۆم بەزۆر کوردی خوێندەوار و نیشتمانپەروەر ناسی و دۆستایەتیم لەگەڵ گرتن. لەوانەوە گەلێک شێوەی ژیان و خوێندەواری فێر بووم. (زێوەر، فایەق بێکەس، حوسێن حوزنی موکریانی، ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، ڕەفیق حیلمی، مەحموود جەودەت، شێخ محەمەدی خاڵ، ئەمین ڕەواندزی، ئیسماعیل شاوەیس) لەو پیاوە بەنرخانەن کە هەموو دەم سوپاسیان دەکەم و شانازی بەدۆستایەتییانەوە دەکەم. هەروەها لەم دەمەدا ڕۆژنامە و گۆڤار و نووسراوێکی کۆن و نوێی کوردی چاپکراو و چاپ نەکراو بێ و بەردەستم کەوتبێ خوێندوومنەتەوە. خۆ چاکەی باوکم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کە لەسەر خوێندەواری هەموو دەم پشتی دەگرتم و تیژی دەکردم و یاریدەی دەدام. هەرچییەکی هەبوو بمدایە بەنووسراوانی بەکەڵک دەنگی نەدەکرد. دایکم بەتەنگ ئەم شتانەوە نەبوو!...

جاروبارێ وتارم دەنارد بۆ ڕۆژنامەی (ژیانەوە)، (ژیان)، (ژین)[٢]، بۆ گۆڤاری (هاوار)[٣]، (ڕووناکی)[٤]، (دیاریی لاوان)، (یادگاری لاوان)[٥]. بەناوی (خانووی تازە)[٦] و (چیرۆک بۆ منداڵان)ەوە کە لە زمانی عەرەبییەوە گۆڕیبوومنە سەر زمانی کوردی، هەروەها بەناوی (فەرهەنگۆک)ەوە[٧] کە بەئینگلیزی و کوردی هۆنیبوومەوە، سێ نووسراویشم لە چاپ دا و بڵاو کردەوە. چیرۆکی (بەڵقیس کچە شای سەبەء)م لە عەرەبییەوە گۆڕییە سەر کوردی. نووسراوی (هاوڕێی

(١) ئەوەی نووسەر لەم بەشەدا دەیگێڕێتەوە، بریتییە لە پوختەی ئەو چالاکی و هەوڵدانە دڵسۆزانەیەی کە لە یادنامەکانی ساڵی ١٩٣١ و ١٩٣٢ بەوردی و فراوانی باسیانی لێوە کردووە و لەمەوبەر خستمانەڕوو.

(٢) ژیانەوە، ژیان، ژین: هەر سێکیان لە سێ قۆناغی جیاوازدا لە سلێمانی دەرچوون و پیرەمێردی شاعیر (ژیان و ژین)ی بەڕێوە بردوون. لە نێوان ١٩٢٤-١٩/٦/١٩٥٠.

(٣) نەوەی بەدرخانیان لە شام دەریاندە کرد بەشێوەی کرمانجی ژووروو، میر جەلادەت بەدرخان سەرنووسەری بوو. ژمارە یەکی لە ١٩٣٢ دەرچووە.

(٤) ڕووناکی: یەکەمین گۆڤاری کوردی شاری هەولێرە ٢٤/١٠/١٩٣٥ - ١٦/٥/١٩٣٦ بەڕێوەبەر پارێزەر شیت مستەفا و سەرنووسەر حوسێن حوزنی موکریانی بووە -بۆ زیاتر بڕوانە: د. کوردستان موکریانی- ڕووناکی، دەزگەی ئاراس- هەولێر ٢٠٠١.

(٥) دوو نامیلکە بوون لە ١٩٣٣ و ١٩٣٤ لە بەغدا دەرچوون، کۆمەڵێ وتار و نووسینی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەیان گرتبووە خۆ، کۆمەڵەی لاوانی کورد لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە، مامۆستا شاکر فەتاح یەکێک بووە لەوانەی ئەو ئەرکەی کێشاوە، بۆ زیاتر بڕوانە: غەفوور میرزا کەریم: یادگاری لاوان و دیاری لاوان- کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٨ بەغدا.

(٦) زنجیرەی چیرۆک بۆ منداڵان -١- دانەر کامل گەیلانی ١٩٣٣ چاپخانەی ژیان. سلێمانی نامیلکەیەکی بچووکی ٩ × ١٤سم، لە چاپکراوە تایبەتە دەگمەنەکانی ئەدەبی منداڵانە بەکوردی.

(٧) قاموسچەیەکی ئینگلیزی کوردییە لە ١٩٣٤ لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە ڕەواندز چاپ کراوە، پێشەکی و ڕوونکردنەوەیەکی پوختی لەگەڵدایە، نرخی (١٦) فلس بوو.

منداڵ)یشم[١] نووسی. نووسراوی (چیرۆک بۆ منداڵان)ەکە لە ساڵی ١٩٣٥دا کاربەدەستی زانیاری (وزارة المعارف)ی عێراق لێی کڕیم. بە(٣٥) سی و پێنج دینار. لەسەر ئەرکی خۆیشی لە چاپی دا. ئەمە یەکەم خوێندنەوەی کوردی بوو، لە عێراقدا، کە بەوێنە و ڕەنگاوڕەنگییەوە لە چاپ درابێ. ئەم بەرهەمە لەو کاتەدا، بەشتێکی ناوازە و نایاب لە قەڵەم درا[٢]. (ئەمین زەکی) و (شێخ محەمەدی خاڵ) و (ئیسماعیل شاوەیس) و گەلێک لە مامۆستایان و خوێندەواران پەسندیان کرد و، دەستخۆشییان لێ کردم. بیرم لە نرخەکەی کە (٣٥) دیناربوو، دیاریم کڕی بۆ باوکم و دایکم و (٣) دیناریشم پێشکەشی دایکم کرد. ئەوەکەی تریشم دانا بۆ یارمەتی دایکم و باوکم لە بەخێوکردنی خۆمدا. دایکم بەمە دڵی زۆر کرایەوە، زۆر چاوی گەشایەوە باوکیشم زۆر پێی خۆش بوو. هەردووکیان بەدڵ پیرۆزباییان لێ کردم. بەڵام بەشی خۆیشم گرامەفۆنێکم لێ کڕی بەچەند قەوانێکی نایابەوە ، بۆ یادگار. هەر هاوینە کە دەچووم بۆ شوێنێکی کوردستان بۆ (گەشتوگوزار). نووسراوێکم لەسەر دەنووسییەوە. بەوێنەیش دەمڕازاندەوە. لە ساڵی ١٩٢٨دا (گەشتی پیرەمەگروون)[٣]، لە ساڵی ١٩٢٩دا (گەشتی شاربازێڕ)، لە ساڵی ١٩٣٠دا (گەشتی پێنجوین)، لە ساڵی ١٩٣٢ (گەشتی سرۆچک)، لە ساڵی ١٩٣٣ (گەشتی هەڵەبجە و هەورامان)م نووسییەوە. بێجگە لەمانە لە ساڵانی (١٩٣٠ و ١٩٣١ و ١٩٣٢)دا بیرەوەری (مذكرات)م بەوێنەوە نووسییەوە کە پڕ بوون لەو کارەساتانەی بەکەڵکی (کوردایەتی) دێن، یاخود ژینی خۆم پیشان دەدەن، بەمەبەستی کەلکی گشتی[٤]. بێجگە لەمانە نووسراوی (ڕێگای بەرلچ)م گۆڕی بە(کوردی) و (ئینگلیزی)[٥]. هەروەها توانیم سەر بەگەلێک مزگەوت و ماڵە کورددا بکەم بۆ

(١) لە ١٩٤٨ لە چاپخانەی (معارف) لە بەغدا چاپ کرا، (خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ پێگەیاندنی منداڵانی کورد) کۆمەڵێ نووسین و وتاری هەمەچەشنەیە لەگەڵ گەلێ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ.

(٢) بەداخەوە نە لە کتێبخانە تایبەتییەکەی مامۆستا خۆیدا و نە لەو شوێنانەی بەدوایدا گەڕام ئەم کتێبەم بەرچاو نەکەوت.

(٣) ئەم گەشتە لەناو دەسنووسەکانیدا نەبوو، هەروا چاپیشی نەکردووە وەک ئەوانی دی کە چاپی کردون: (گەشتی سرۆچک ١٩٧٢، شاربازێڕ ١٩٧٢، گەشتی پێنجوین ١٩٧٣، هەڵەبجە و هەورامان ١٩٧٣) چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.

(٤) دەقی ئەو بیرەوەریانە لە دەسنووسەکانی خۆیدا، وەک خۆیان گواستمانەوە ناو ئەم (ئاوێنەی ژینم)ە. چەند لاپەڕەیەک لەمەوبەر، بەو ئیعتیبارەی ئەوانە تەواوکەرێکی گرنگ و بنەڕەتین و لە ژیانی مامۆستادا، بەڵام ئەوەی بوترێ ئەوەیە کە بیرەوەری ١٩٣٠ لەناو دەسنووسەکانیدا نەبوو.

(٥) لە دەسنووسە ئەسڵییەکەدا (ژمارە -١-) ئەم پەرەگرافەی خوارەوە دوای ئەمە دێ: «داخەکەم مامۆستا حوزنی موکریانی لە بریتی ئەمەی لە چاپی دا، لە ناوی برد!، کە لەسەر ئەو کردەوەیەی دڵم لێی شکا وە تاماوەیەکی دوور و درێژ نێوانمان چاک نەبووەوە!... دوایی ئاشتی کردمەوە و تۆڵەی بۆ کردمەوە و دڵخۆشی دامەوە». دیارە ئەمە دڵپاکی و لێبوردەیی و جوامێری (ئەهلی قەڵەم)ی ئەو ڕۆژگارە دەردەخات کە تا چ ڕادەیەک پەیوەندییەکانیان (ئەگەر بەدحاڵیبوونێکیشی لێ کردبێ) چۆتەوە دۆخە پتەو و بێگەردەکەی خۆی. ئەو (تۆڵە بۆ کردنەوەیەش) کە بەهەشتی حوزنی موکریانی بۆی کردۆتەوە: چاپکردنی (فەرهەنگۆک)ەکەی =

کۆکردنەوەی نووسراوانی چاپکراو و چاپ نەکراوی کوردی. سوپاس بۆ خودا تا ئەندازەیەکی گەورە بەئامانج گەیشتم. تەنانەت لە (بەغدا) و (شام)یشدا لەو نووسراوانەم پەیدا کرد. هەندێ جار دەمخواستن لەبەرم دەنووسینەوە. لەمانە هەمووی نووسراودانێکی بچکۆلانەی کوردیم بۆ خۆم پێکهێنا، تا لە دوارۆژدا بیانکەم بەبنچینە بۆ چاپەمەنی کوردی. کە کۆمەڵە هۆنراوەکانی (مستەفا بەگی کوردی) و (نالی) و (سالم) لەلایەن مامۆستایان (کوردی) و (مەریوانی)یەوە لە چاپ دران، خۆشبەختانە زۆربەیان لە نووسراودانەکەی منەوە وەرگرت. هەروەها یاریدەی کاک (فەتحوڵڵا ئەسعەد) و مام (حوزنی)یشم دا. پەنجا چامەی (مستەفا بەگی کوردی)م بەدەستی خۆم نووسییەوە و ناردم بۆ (فەتحوڵڵا)، بۆ ئەوەی لە چاپی بدات. سەد و پەنجا چامەیشم لە هی (نالی) و (کوردی) و (سالم) و (غریق) و (حریق) نارد بۆ (حوزنی) لە رۆژنامەی (ژیان) و گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا بەرامبەر یارمەتییەکانم کاک (فەتحوڵڵا) و مام (حوزنی) لە ساڵی ١٩٢٧دا سوپاس و ستایشیان کردم[١]. هەروەها (کوردی) و (مەریوانی)یش لە نووسراوەکانیاندا سوپاسیان کردم. هەر لەو رۆژەوە بیرم لەوە دەکردەوە: «کەی رۆژێک بێت و بتوانم رۆژنامە و گۆڤارێکی شایستەی کوردەواری دەربهێنم؟». گەلێک جار خەوم بەمانەوە دەبینی. چونکە ئەودەمە (کورد) چاپەمەنی یەجگار کەم بوو... دەمویست بەشێکی بچووکی ئەم کەم و کوڕییەمان پڕ بکەمەوە.

شاگردە کوردەکانم کرد بەدۆست

کە هاتمەوە (بەغدا)، نەشارەزا بووم لە هەموو هەڵسان و دانیشتنێکی ئەوێ، لە هەموو شێوەیەکی ژین و شارستانێتییان. زمانی عەرەبیشم نەدەزانی، مەگەر تاک و تەرایەک لە وشەکانی. لەبەر ئەوە بەگران لە عەرەبەکان هاودەمم بۆ دەدۆزرایەوە[٢].

= مامۆستا بوو لە ١٩٣٤دا. پیرەمێردی نەمر لە (ژیان)دا بەبالاّبرینێک بۆ ئەم بەرهەمە دەنووسێ و دەڵێ: «من راست و رەوان و بێ پەروا وتوومە و ئەڵێم: هیچ میللەتێک بەتەقە و رەقە تەق و دەر، نابێ بەکەس، جەسارەت و فیداکاریش لە چەنبەری خوێندەواری و تێبینیدا نەبێ فیرۆیە، بێهودە، هەزار سواری زرەپۆش ببینم و دە أثری عیلمی. دە أثرەکەم لەلا پەسندترە، نەخوازەڵا یادگارێک کە ئێمە فێری ژیانی ئەورووپا بکات. «بڕوانە: ژیان، ژمارە ٣٩٩، ٨ی مایسی ١٨٣٤. ل ٤.

(١) گۆڤاری (زاری کرمانجی) نووسیویە: «لەبەر ئەوەی کە جناب شاکر فتاح قوتابی قوتابخانەی یەکەمین سلێمانی: ٦٠ غزلی نالی و ٧٠ غزلی سالم و چەند غزلێکی حریق و کوردی و غریقی لەگەڵ کتێبێکی حساب لەئەسەری و کردەوەی خۆی بۆ ناردین کە چاپیکەین، زار کرمانجی تشکراتی ئەو تازە پێگەیشتووانە بەجێ دێنێ». زاری کرمانجی، ژمارە (١١) ١٤ی ئەیلولی ١٩٢٧، ل ٢٠.

(٢) لە دەسنووسە ئەسڵییەکەدا (ژمارە یەک) دوای ئەمە ئەم چەند دێرەش هەیە: «بەڵام لە ئەنجامی تاقیکردنەوەیەکی چەند ساڵێدا بۆم دەرکەوت کە بۆ هاودەمی و دۆستایەتی، کوردەکان، بۆ من لە هەموو کەس باشتر دەرچوون».

بەڵام لەگەڵ شاگردە کوردەکاندا ئاسانتر دۆستایەتیم بۆ دەگیرا. لەبەر ئەوە و لەبەر هەستی ئاوارەیی، تێکڕا یەک بەیەک ناسیاوی و دۆستایەتیم لەگەڵ شاگردە کوردەکاندا گرت. جاروبار دەچوومە لایان و، لەگەڵیاندا گەشتوگوزار و هاتوچۆم دەکرد.

لەم ئاشنایەتی و دۆستایەتییە کامەرانییەکی یەجگار پیرۆز و بەرز دەکەوتە دڵمەوە. گەلێک جار کۆمەڵانی دیدەوانی و زانستی و یارمەتیمان دادەمەزراند. گەلێک جار دەیانکردم بەئەندامی دەستەی کارگێڕی (الهیئة الأداریة)، یاخود بە(ڕازنووس - سکرتێر)ی کۆمەڵەکە چ بەوە کە ماوەیان دەدام تێبکۆشم بۆ کەلکی گشتی، چ بەوە کە ئەوباوەڕەیان پێ دەکردم، دڵخۆش دەبووم و سەرم بەرز دەبووەوە. ئێستایش ئەو برا خۆشەویستانە جێگەیان ماوە لە دڵمدا و، لە جاران زۆرتر ڕێزیان لێ دەگرم. بیرمە بەهۆی ئەم کۆلانەوە دوو کۆڤارمان بەناوی (دیاریی لاوان) و (یادگاری لاوان)ەوە لە ساڵەکانی ١٩٣٣ و ١٩٣٤دا لە چاپ دا[١].

لە ساڵی ١٩٣٦دا دووکانێکمان بۆ دوو شاگردی هەژاری (ڕەواندزی) و (کۆیی) کردەوە، بۆ ئەمەی بژین، تا هەلێکیان دەست دەکەوێت بۆ خوێندن یاخود بۆ فەرمانبەری. بەهۆی ئەو دووکانەوە سەربەرزی زۆربەی شاگردە کوردەکانمان پاراست. چونکە خاوەنی ئەو چێشتخانەیەی شاگردە کوردەکان نانیان لێ دەخوارد، کابرایەکی (ئەرمەنی) بوو، لەم دواییەدا بایی بووبوو لە خۆی، وای لێ هاتبوو، دڵی دەشکاندن، نازی نەدەکێشان، ڕێزی لێ نەگرتن!. بێجگە لەوە، هەر داماو و هەژارێکی (کورد)مان بدیایە دەستمان دەگرت، بۆ ئەوەی لە کەس دەست پان نەکاتەوە و، بەناوچەوان بەرزییەوە بگەڕێتەوە بۆ (کوردستان).

هەروەها بیرمە (کۆمەڵی دیدەوانی)یەکەمان کە لە ساڵی ١٩٣١دا دامان مەزراندبوو، هەموو هەفتەیەکی هاوین، ڕۆژێکی تەرخان کردبوو، بۆ خۆ ڕاهێنان بەسەختی ژیانەوە. ڕامان دەکرد بەناو دڕک و داڵدا. سەردەکەوتین بەپێ بەسەر شاخ و داخدا. سواریمان دەکرد. مەلەمان دەکرد. نیشانمان دەنایەوە.

(١) ئەم کۆمەڵەیە لە بەهاری ١٩٢٦ لە سلێمانی لەلایەن دەستەیەک لە ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی شارەکەوە دامەزرێنرا، دوای ئەوەی لەلایەن وەزارەتی (داخلیە)ی عێراقەوە لە ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦دا بەڕەسمی ڕێگای پێ درا، یەکەم سەرۆکی کۆمەڵە (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ)ی موتەسەریف بوو، کۆمەڵە هەوڵی دەدا بۆ بووژاندنەوەی کەلتوور و فەرهەنگی کوردی و نەهێشتنی نەخوێندەواری، بۆ ئەمەش گەلێ شێواز و ڕێگای جیاجیای دەگرت و بەڵام (بەهیچ سورەتێک لەگەڵ سیاسەتدا خەریک نابێ).
کار و چالاکییەکانی کۆمەڵە و بەپێی باری سیاسی لە هەڵکشان و داکشاندابوو، بەتایبەت دوای ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ کە بە(هەرای بەردەرکی سەرا) ناسرا؛ حکوومەت کۆمەڵەی بەوە تاوانبار کرد کە دەستی تێدا هەبوو، کاروبار و چالاکی بەتەواوی کزبوو، دوایی لە ڕووی دارایی و چالاکییەکانی ترەوە کۆمەڵە لە پەلوپۆ کەوت و حکوومەت دەیویست بەیەکجاری نەیهێڵێ و بۆ سەرەنجام مایەوە سەر قوتابخانەیەکی ئێواران و ئەویش بەڕێوەبردن و کاروباری بەرەو ڕووی (معارف) کرایەوە. بۆ زیاتر بڕوانە: غەفووری میرزا کەریم، کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، چاپخانەی (دار الجاحظ) ١٩٨٥، بەغدا.

خۆمان دەدایە بەر گەرما و هەتاو. یاریدەی هەژارانمان دەدا بەفەرمان و بەپارە. یادنامەی کردەوەکانیشمان ڕۆژ بەڕۆژ دەنووسییەوە. ئێستایش خۆشی سەیرانەکان و ئاهەنگەکان و گەشتوگوزارەکانی ئەو برایانەم لە دڵدایە و، هەمــوو دەم بەشــانازییــەوە یادیان دەکـەم. بەهۆی ئەم گـیــانەوە بوو کـە توانیم لە (تافی کوڕێنیمدا)، زۆربەی شارەکانی (کوردستانی عێراق) و هاوینە هەوارە خۆشەکانی ببینم و لە ئاوات و ئازاری (کوردەواری) تێبگەم. تەنانەت لە (شام) و (بێروت)یشدا هەندێ کوردم دۆزییەوە، ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیداکردن بۆ کەلکی گشتی.

سوروشتیش پەزیشکێکە بۆ خۆی!

تا لە (بەغدا)بووم شپرزەی دەستی نەخۆشی و کزی و لاوازی بووم، هەستم بەئاوارەیی و ناشێتی خۆم دەکرد. نەمدەزانی یاخود نەمدەتوانی لەنگەرێک بگرم لەناوەند (ماندووبوون) و (سرەوت)دا. لە ناوەند (ناخۆشی) و (خۆشی)دا. لەناوەند (فەرمان) و (یاری) و (بەزم) و (ڕەزم)دا. تا سێ ساڵیش بەدوای داوودەرمان و پزیشکدا دەگەڕام. ترسم پەیدا کردبوو لە خواردن. زۆر کاتم بەخەم و خەفەت و گێژ و وێژییەوە ڕادەبوارد. لەناو خوێندنگادا، تەنانەت لە دوای هاتنەوەیش بۆ ماڵەوە، خۆم بەتەنیا لەناو چۆڵ و بیابانێکدا دەبینی! زۆر خەفەتم لەوە دەخوارد، کە نەمدەتوانی وەک هاوڕێکانی تر دۆستایەتی بگرم و بێمەوە ناو ناوانەوە! چڕوچاو و بەژن و باڵا و هێز و توانایشم ئەوەیان لێ نەدەوەشایەوە، کە دۆست پەیدا بکەم!... دیارە ئەم قسانەم دەربارەی بێگانەکانە نەک دەربارەی (کوردەکان). کە شاگردەکان باسی دۆستایەتی و دڵداریی خۆیان لەگەڵ ئەم کچ و ئەو کچدا دەکرد، من سەرم سوڕ دەما! هەناسەی ساردم هەڵدەکێشا! بەخۆمدا ڕانەدەپەرموو شتی وام لە دەست بێت! یەجگار شەرمن بووم لە ئاستی ئافرەتدا. کەچی گرفتاری هەموو جوانییەکیش بووم! هەرچەندە وام بەباشتر دەزانی کە بەتەنگ خوێندنەکەم و ناوبانگەکەمەوە بم، بۆ ئەوەی بەسەرفرازییەوە خوێندەواری تەواو بکەم، بەڵام لەژێرەوە کسپە لە جگەرمەوە دەهات کە بێ بەش بووم لەو ڕابواردنە خۆشانە! هەستیشم دەکرد، کە ئەو جۆرە دڵدارییانە، داخەکەم، لە توانای مندا نییە!؟ لەم کاتەدا کارەساتێکی بچووک ڕووی دا[1]. هەموو بیروباوەڕێکمی گۆڕی بەرامبەر بە(پزیشک) و (داوودەرمان). کۆڤارێکی (مصر)یم دی، ناوی (الرياضة البدنية – وەرزش) بوو. تەرخان کرابوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی و پاراستنی تەندروستی. تێیدا بڵاوکرابووەوە کە: «پەیمانگای وەرزش (معهد الرياضة البدنية) بەنامەکاری، هەموو جۆرە نەخۆشییەک چاک دەکاتەوە بەبێ دەرمان!». ئامۆژگارییەکانیم هەفتە بەهەفتە بۆ دەهات. دەستم کرد بەپێڕەوی کردنیان: لە وەرزش و، خۆشتن و، خۆسوونەوە و، نوستن و خواردن و، سرەوت و، خۆدانە بەر ڕۆژ و، ڕابواردندا... تا دەهاتم بەرەو چاکی دەڕۆیشتم. بگرە هەر لە یەکەم هەفتەوە هەستم بەئازادی کرد و، ڕزگاربووم لە دەست (پزیشک) و (داوودەرمان)!... نەخۆشییەکەم بەرە بەرە کزبوو، نەما. وردە وردە هەستم بەکامەرانی و هێز

(١) لە ڕاستیدا ئەم دەرووەی کە لە مامۆستاکرایەوە و بۆی ڕەخسا، بە(کارەسات) ناونابرێ، چونکە هەلێک بوو سوودی لێ وەرگرت و باری دەروونی و تەندروستی پێ چاک کرد.

و هەڕەت و تەندروستی کرد. ترسم نەما لە ژین. پڕ بەدڵ حەزم لە ژیان دەکرد! کە گەیشتمە زستانی ساڵی ١٩٣٢ لە «لوبنان»دا، (شاکر فەتاح)ێکی کە بووم! نە باکی سەرمام هەبوو، نە ئاشنایەتیم لەگەڵ پاڵتۆ و بەرگ و پۆشەنی گراندا بوو. نەترس و لەرز لە دڵمدا مابوو! هاتمە ناو ژیانەوە. هاوڕێم دۆزییەوە. لەناو شاگردەکاندا کە لە هەموو جۆرە ڕەگەز و ئایین و زمانێکیان تێدا بوو گەلێک دۆست و هاودەمم پێکەوەنا و، تێکڕا لەگەڵ هەموویاندا لە گەرمە و پێکەنین و بەزم و ڕەزمدا بووم. تا ئەندازەیەکی زۆریش شەرمم لە ئافرەت کەم بووەوە و، حەزم بەتێکەڵییان دەکرد. کە تەماشام کرد: «دەست بەپەڕ و باڵی خۆمدا دەهێنم!». بەدوای جلوبەرگی جواندا دەگەڕێم، لەبەری بکەم... خۆم فێری ساز و ئاواز و گۆرانی گوتن و قسەی نەستەق و گەمەوگەپ دەکەم... دەمەوێ خۆشەویستی بخەمە دڵی هاوڕێ و مامۆستاکانمەوە. دەمەویست بژیم و لە ژیانیشدا زۆر بەخۆشی و بڵندییەوە ڕاببوێرم.

پێویستە ئەمەیش بڵێم: کە ئاو و با سازگارەکەی لوبنان و دیمەنە جوانەکانی و پێشکەوتوویی دانیشتووەکانی، بۆ بڵندکردنەوەی بارستایی کامەرانی و سەربەرزی و تەندروستی من لە وەرزش و ئامۆژگارییەکانی «پەیمانگەی وەرزش»ەکە کەمتر نەبوون. ئەوساکە تێگەیشتم کە (سوروشت)یش پزیشکێکە بۆ خۆی. ئەگەر پیاو لەسەر دەستووری ئەو ڕۆیی لە: خواردن و ڕابواردندا، لە نوستن و فەرمان و هەڵسان و دانیشتن و سرەوتدا، ئەوا تەندروست دەبێ. ئەگەر لەسەر دەستووری سوروشت نەڕۆیشت بەڕێوە، ئەوا نەخۆش دەکەوێ، ئەوساکە تێگەیشتم کە زۆربەی دەرمان ژەهرن!... ئەوەندەی باشن بۆ لەش، ئەوەندەیش زیانی پێ دەگەیێنن. هەروەها لە فڕوفێڵ و جانبازی زۆربەی پزیشکەکانی جیهانیش تێگەیشتم کە هاوبەشن لەگەڵ دەرمان فرۆشەکاندا، بۆ کەلکی ناپوختەی خۆیان. ئیتر لەوساوە هۆگری (سوروشت) بووم و، بووم بەهاودەمی: (وەرزش) و (بای پاک) و (ئاوی سازگار) و (تیشکی ڕۆژ) و (چاوئەندازی جوان) و (خۆرشتی سروشتی و ساکار) و(گۆرانی) و (ساز و ئاواز) و (بەزم و ڕەزم) و (گەشتوگوزار) و (دەروونی خاوێن) و(دڵی چاک) و (زمانی شیرین) و (کردەوەی پیاوانە)... بۆ ئەمەی خۆم بپارێزم لە نەخۆشی و، هەموو دەم هەست بە(تەندروستی) و (کامەرانی) و (سەربڵندی) و (خۆش گوزەرانی) بکەم لە ژیاندا.

بەڕاستی ئەم ساڵەی لە فەلەستین و لوبناندا ڕامبوارد، لەگەڵ ساڵێکی تریش کە لە پاش گەڕانەوەم لە عێراقدا ڕامبوارد، بەژین دادەنێم. چونکە تەنیا ئەو دوو سێ ساڵە بوو کە تەندروستییەکی تەواوم هەبوو و، خۆشیم لە ژیان دەبینی. داخەکەم لەوە پاش بەهۆی زۆرداری ڕۆژگارەوە، کزی و لاوازی و نەخۆشم تووش بووەوە. تا لە زانستگای ماف نەبوومەوە، تەندروستیم بۆ نەگەڕایەوە. ئەرکی زۆر و دڵی شکاو، کە لە زۆرداری فەرمانڕەوایی و پاشکەوتوویی کۆمەڵایەتییەوە، تووشم هاتبوون، بوون بەهۆی ئەوەی ئەو سێ ساڵەی دوایی کە لە زانستگای مافدابووم، بەئازار و هاوارەوە ڕاببوێرم!. کە خوێندنی ناو (ئەوروپا)یان لە دەست دام، خووم دایە خوێندنەوەی باش و گرنگ و خۆش. هەروەها خۆم ناسی بەهەندێک خوێندەوار و نیشتمانپەروەرانی (کورد) و (عەرەب) بەهۆی ئەو دوو شتەوە توانیم بارستایی خوێندەواری و تێگەیشتنم بەرز بکەمەوە و، تۆڵەی ئەو (زیان)ە بکەمەوە کە لە نەچوون بۆ (ئەوروپا)وە

لێم کەوتبوو. لە ساڵی **١٩٣٣**دا، «کۆمەڵی زانستی کوردان»[١] لە (سلێمانی) منیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببمە (کارگێڕی خوێندنگای زانستی». مووچەیشیان بۆ بڕیمەوە. بەسوپاسەوە ئەم فەرمانەم گرتە ئەستۆی خۆم. بەڵام لەبەر کەلکی کۆمەڵەکە و نازگرتنیان مووچەکەم لێ وەرنەگرتن، گێڕامەوە بۆ خۆیان. بەیارمەتی چەند هاوڕێیەکەوە، (خوێندنگای زانستی) بووژایەوە و، پەرەی سەند و، کەوتەوە بزووتنەوە و، سەریشی بڵندبووەوە. خوێندنەکانیان سووک و ئاسان کران. بەڵام وەرزش و گۆرانی و، وتار خوێندنەوە و، گفتوگۆی سەربەست و، پیشەسازی و، بڵاوکردنەوەی (گیانی کوردایەتی) و، ڕێکوپێکی، خرانە خوێندنگاکەوە. من هەرچەندە لەوەپێشیش، هەموو ساڵێک لە هاویندا، یارمەتی ئەم کۆمەڵەم دابوو، بەڵام بەم فەرمانە تازەیەم کە بەجۆرێکی فراوانتر و گرنگتر ڕێی دەدام بەکەڵکی نیشتمانەکەم بێم، یەجگار دڵم خۆش بوو، یەجگار سەرم بەرز بووەوە. ئەو کاتە تازە دەرچووبووم لە (مەتریکولێشن). بەهۆی ئەمانە و چەند هاوڕێیەکی خۆشەویستی ترەوە، کە لە ساڵی **١٩٣٦**دا دەستم کەوتن، گیانم بووژایەوە، دووبارە توروسکەی کامەرانی تێ کەوتەوە. کە لە زانستگای ماف دەرچووم، لە زمانی (فەرەنسی)دا، کە تاقیکردنەوەیەکی جوێی بۆ دانرابوو، بەیەکەم دەرچووم. ژمارەی شاگردەکان (٦٥) کەس بوو. لە ژیانی خوێندەواریمدا گەلێک جار لە تاقیکردنەوەدا بەیەکەم دەرچووم. بەڵام هیچ جارێک پاداشیان نەدابوومێ، ئەم جارە نەبێ کە بریتی بوو لە بەشی دەستێک جل لە قوماشێکی (مصر)ی و، دوانزە جووت گۆرەوی ئاوریشم. لەگەڵ سوپاسێکی گەرمی «دکتۆر عەبدولڕەزاق ئەلسنهوری» گەورەی زانستگاکەمان. ئەم پاداشە یەجگار کامەرانی کردم. یەجگار سەری بەرز کردمەوە.

دەمودەست (ڕێدانی پارێزەریی – إجازة المحامات»م وەرگرت[٢]. بەڵام ئەو هاوینەم بەگەشتوگوزار ڕابوارد. سێ چوار مانگی پێ نەچوو، لەسەر خواستی (موتەسەریفی موسڵ)، (عومەر نەزمی بەگ) کرام بە(کارگێڕی لادێی مزووری).

ئیتر لێرەوە لاپەڕەی تافی کوڕێنیم دادرایەوە.

(١) لە ڕاستیدا ئەو دوو پەخشنامەیە هیچ سیفەتێک گۆڤاریان پێوە نەبوو، بەڵکو کۆمەڵێ وتاری هەمەڕەنگە و چیرۆک بوون لەلایەن چەند نووسەرێکی جیاجیاوە و پێکەوە لە بەرگێکدا بەدوو ناوی جیاوازەوە چاپ و بڵاویان کردبووەوە. ئەو بابەتانە نرخ و بەهای وێژەیی ئەو کاتەی خۆیان هەیە، بەڵام بەهەڵە ناوی (گۆڤار)ی لێ دەنرێ.

(٢) ئەو کاتە خوێندن لە کۆلیجی حقوقی بەغدا سێ ساڵ بووە.